# بنەما تیورییەکانی
# رای گشتی و
# راگەیاندن

.

**مەجید سالْح عەزیز**

## پێشەکی

زۆر لەلێکۆڵەرەوانی بواری ماس میدیاکان لەو باوەڕەدان کە دیاردەی(رای گشتیو راگەیاندن)، وەك دوودیاردەی کۆمەڵایەتی رەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانو دروست بونی دامەزراوە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵگایانە. هەرچەندە ئەو گرنگی دانەی مرۆڤی سەرەتایی تا رادەیەکی زۆر بەرتەسكو سنوردار بووە، بەلأم رێگەخۆشکەر بووە بۆ ئەو هەموو گرنگی دانەی کەئێستا هەیەتی.

سەبارەت بە(رای گشتی)لە رووی تیۆریەوە, لە رۆژئاوا سەرەتای گرنگ پێدان بەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆلای بەرهەمەکانی مکیافیلی وهوبس وتمپل و پاشان رۆسۆ.لە روی پراکتیکیشەوە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیو گەشەکردنی ئابوریو زۆربوونی داهێنانەکانی مرۆڤایەتی، هەروەها بە هۆیشەپۆلی رینسانس لە ئۆروپا, سیستەمی بەڕێوەبردنو ئاستی هۆشیاری خەڵكو هاتنە مەیدانی ئایدۆلۆژیا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. زۆربەی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن بەرەو دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی هەنگاویان نا، لەئەنجامدا زانینی( رای گشتی )بوو بەپێداویستیەکی ئەو جۆرە سیستەمانە، تاکو لەڕێگەیەوە بەرنامەی کارەکانیان داڕێژنو خۆیان لەهەڵەو کەموکووڕییەکان دوورخەنەوە.

سەبارەت بە راگەیاندنیش وەك لە لاپەڕەکانی تردا باسی لێوەدەکرێ, ئەمڕۆکە بوەتە گەورەترین هێزی چالاکی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا.هەر پێشکەوتنێك لە بوای تەکنەلۆژیادا روو بدات , بروسکە ئاسا کەناڵەکانی راگەیاندن کەڵکی لێدەبینن.بەجۆرێك راگەیاندن ئێستا بەشێکی تایبەت بە خۆی لەتەکنەلۆژیا هەیەو پێی دەوترێت (تەکنەلۆژیای راگەیاندن).ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کۆمەڵگاکان تا زیاتر پێشبکەون ، زیاتر پێویستیان بە وەرگرتنی زانیاری هەیە لەسەر روداوەکانی دەوروبەریانەوە. ئەمەش یانی بەردەوامیمانەوەی راگەیاندن بۆ هەتا هەتایە.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە:**

بەداخەوە کتێبخانەی کوردی تاکو ئێستا لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیراگەیاندندا ژمارەی لێکۆڵینەوەکانی لە بیست سی دانەیەك تێناپەڕن, بە تایبەت لە بوارەکانی زانستی رای گشتی و کاریگەییەکانی راگەیاندن. بەلأم لە گەڵ ئەوەشدا ئەوهەولأنەی کە لەم سالأنەی دوایدا لەو پێناوەدا دەدرێن مایەی ئومێدو دڵخۆشیە بۆ ئایندەی پیشەی رۆژنامەوانی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵی.

منیش وەك هەوڵێك بۆ زیاتر برەودان بەو هەنگاوانەی کە دەستیان پێکردوە, ئەم بابەتەم دەست نیشان کرد,بە تایبەتی پێشترو بەشێوەیەکی تایبەت هەردوو چەمکی (راگەیاندن) و(رای گشتی) وکاریگەرێتیان لە سەر یەکتر قسەی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

جگەلە باسکردنی لایەنە تیورییەکانی ( رای گشتی ) و(راگەیاندن ) ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدا ئەو خاڵە هاوبەشانە دەست نیشان کات کە لە نیوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە.هەروەها دەیەوێت باس لە کاریگەری هەریەکەیان لە سەر ئەویتریان بخاتە روو.

**ئامانجەکانی توێژنەوەکە:**

1.خستنە رووی پێناسە جیا جیاکانی هەردوو چەمکی رای گشتی وراگەیاندن.

2.دەستنیشان کردنی گرنگی  هەردوو چەمکەکە لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵگای مروڤایەتی.
3.دەرخستنی کاریگەرێتی هەریەك لە دوو چەمکە لە سەرئەولای تریان.

رێباز وپلانی توێژنەوەکە:

لەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆی شیکردنەوەیان راڤەکردن (Analytic Method)بەستراوە بۆ شیکرنەوەی وراڤەکردنی هەموو مەسەلە تیۆرییەپەیوەندی دارەکان بە رای گشتی وراگەیاندن.لە هەرکوێەکیش پێویستی کردبێت هەولم داوە نمونەی زیندووهاوچەرخ وپەیوەندیدار بە کوردەواری بهێنمەوە.بۆ مەسەلەی پلانیتوێژینەوەکەش ئەوا دەکرێت بە دوو فەسڵ وچەن بەشێکەوە بەم شێوەیە:

فەسڵی یەکەم : رای گشتی.لەم فەسڵەدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە رای گشتی دەکرێت ولە پاڵ خستنەرووی کورتە مێژوویەکی سەرهەڵدانی رای گشتی ئەم بەشانەش قسەیان لە سەر دەکرێت :

*پێناسەکانی رای گشتی
*جۆرەکانی رای گشتی.
* هۆکارەکانی گرنگ پێدان بە رایگشتی
*چۆنیەتی دروست بوونیرای گشتی,
* شێوازەکانی پێوانەکردنی.
* شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی.

فەسڵی دووەم: راگەیاندن وکەناڵەکانی راگەیاندن هەر وەك فەسڵی یەکەم , لێرەشدا بە کورتە باسێکی راگەیاندن چومەتە ناو باسەکەوەو ئەنجا پێناسە سەرەکیەکانی راگەیاندنم خستوەتە روو.فەسڵی دووەم پێك هاتوە لە :

*کورتە مێژوویەکی راگەیاندن
*پێناسەی راگەیاندن
*ئەرکەکانی راگەیاندن
*پرەنسیبەکانی راگەیاندن
*سیستەمەکانی راگەیاندن
*کەناڵە نوسراوەکان
*کەناڵە بیستراوەکان
*کەناڵە بینراوەکان

لەم توێژینەوەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتم بەو سەرچاوانە بەستوە کە بە زمانی  عەرەبیوفارسی نوسراون ,هەوەها لە هەندێ حاڵەتدا سەرچاوەیکوردیشم بەکارهێناوە.جێگەی داخە سەرچاوەی کوردی لە بارەی ئەم بابەتەی کە من هەڵم بژاردوە زۆر کەم ودەگمەنە.

هەروەها لە بەر نەبوونی کات وسەرچاوەی پێویست نەمتوانی ئەو بەشەی کە زۆر بەلامەوە مایەی گرنگی پێدان بوو, واتە (رای گشتی لە کوردستاندا) بنوسمەوە بەو هیوایەی کە لە دەرفەتێکی تردا ئەو ئەرکەی سەرشانم  بەجێ بهینم

* * *

# فەسڵی یەکەم

# رای گشتی

# بەشی یەکەم

# پێناسەکانی ڕای گشتی

# چەند پێناسەیەك بۆ رای گشتی

لە رووی زمانەوانیەوە (رای گشتی)لەلێکدانیدوو وشەی(را)و(گشتی)پێك هاتوە.یەکەمیان بەمانای بۆچوون دێت وئەویتریشیان بە مانای کۆ یان برێکی زۆر دێت.لە لێدانی(را+گشتی)ئەم چەمکە دروست بوە کە بەمانای کۆی بۆچونەکان یان کۆی راکان دێت.[1]

لە زۆربەی کتێبەکانی زانستی کۆمەڵناسیدا رای گشتی(public opinion)بەوە پێناسە کراوە کە بریتیە لە (کۆی گشتیرای تاکەکانی کۆمەڵگا بە رامبەر بابەتێك کە کاریگەری هەیە بۆ سەر ژیانیان.)[2]

بەلأم ئەمە تاقە پێناسە نیە،بەڵکو وەك هەر زانستێکی تری مرۆڤایەتی، "رای گشتی"یش چەندین پێناسەی جیاجیاو لەهەندێ حاڵەتدا لێك نزیکی بۆ کراوە.هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیبابەتی (رای گشتی)لە گەڵ زۆر مەسەلەو بواری تردا ئاوێتە دەبێت. پێناسەکانیش هەڵقوڵاوی ئاستی هۆشیاریو شێوازی بیرکردنەوەی دانەرەکانیانن. ئێمە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە روو:

ئاراستەیەك هەیە پێی وایە رای گشتی دەرئەنجامی لێکدانی را فەردیەکانە لە گەڵ یەکتردا,بەلأم دەرئەنجامی کۆکردنەوەیان نییە.ئەم رایە هی(دبوب)ە, بەلأم روونی پێوە دیار نییە.

هەندێك پێیان وایە: رای گشتی بەرجەستەبوونی خواستو نیازەکانی نەتەوەیەکەو لەئەنجامی کۆمەڵێ ئاماژەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو نەتەوەیە بۆ رووداوەکانی رۆژ سەرهەڵدەدات.[3]

بەلأم هی وایە دەڵێ: "رای گشتی بریتیە لەو کۆمەڵە باوەڕو بیروبۆچوونەی کە کۆمەڵە خەڵکێك لەسەری رێك دەکەون

ئالبیگ چەند پێناسەیەکی بۆ ڕای گشتی کردووە بریتین لە:

–رای گشتی بەرهەمی پرۆسەیەکی کارلێکەری لەنێوان خەڵك بەشێوەی گروپ، بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو کەجێگەی مشتومڕیانە.

–رای گشتی تەعبیری ئەندامانی جەماوەرە سەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆچونیان لەسەری جیاوازە.

–رای گشتی کۆمەڵێ ئاراستەیە بەسەر خەڵکدا زاڵ دەبێت بەرامبەر بە کێشەیەكو تەعبیر لەسەر رای زۆرینەی خەڵك دەکات.

پێناسەیەکی تر پێی وایە: " رای گشتی بریتیە لەو باوەڕە هاوبەشەی کەکۆمەڵێ خەڵك لەسەری رێك دەکەونو تێیدا بەرژەوەندییە هاوبەشو تێڕوانینە هاوبەشەکانیان سەبارەت بەکێشەیەك یان بابەتێك لەبەر چاو دەگرن"

پێناسەیەکی تریش دەڵی: "شێوەی ژیانی نەتەوەیەکە، واتە ئەو شتەیە کە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی پێی دەڵێن کولتور"

بەلأم زانای بواری ماس میدیاکان "لیونارد دۆب" پێناسەیەکی تری هەیەو دەڵێ: "رای گشتی واتە بۆچوونو هەڵوێستەکانی خەڵك بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو، بەلأم بەو مەرجەی ئەو خەڵکە هەموویان ئەندامی گروپێکی دیاریکراوبن".زانایەکی تری بوارەکە بەناوی "چیلدریش" پێی وایە:

---

1 هة ال ئةبو بة ر تيبيذ تايبةت

2 – محمد على فقيه ،افكار عمومى عاملىحياتى / www.e-resanaha.com

3- ار رسانة ذمارة (1) ل147

"رای گشتی بریتیە لەو کۆمەڵە هەڵوێستەی کەکۆمەڵە کەسێك بەبێ‌لەبەرچاوگرتنی رێکەوتنی پێشوەخت، وەری دەگرن"[4]

لە فەرهەنگی( Adictionar of pasychology ) تایبەت بەسایکۆلۆژیا، J.A.DREVER [MG پێی وایە رای‌گشتی گرتبونەوەی گشتی راکانە لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بەرامبەرمەسەلە کۆمەڵایەتیەکان یان ئاکارییەکان یان سیاسیەکان.[5]

پێناسەی تریش زۆرە بۆ رای گشتی، بەڵام دەکرێ لەکۆی هەموو ئەو پێناسانەدا بڵێین "*رای گشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورەو پتەوەو خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزە، هەرچەندە هێزی جێبەجێکردنی نییە، بەڵام ناکرێ گوێی لێ نەگیرێت*."

پێویستە بوترێت پەرەسەندنی پەیوەندی وڵاتان لە گەڵ یەکترداوبچوك بونەوەی پانتایی‌جیهان,رای گشتی لە چوارچێوە مبللی وناوخۆیەکەی نەهێشتوەتەوەبەڵکو رایەکی نیودەوڵەتی دروست کردوە کە کاریگەری لە سەر رای گشتی نەتەوەیش هەیە[6]

بەڵام رای گشتی، کۆمەڵێ خەسڵەتی تێدایە کەلەجۆرەکانی تری "را"ی جیادەکاتەوە. لێرەدا دەبێ بڵێین بەبێ ئەو خەسڵەتانە رای گشتی دروست نابێ. لەسەروی ئەو خەسڵەتانەش خەسڵەتی (جەماوەریەکەیەتی). بەواتایەکی تر رای گشتی پەیوەست نییە بەتاقمێکی بچوك‌و کەمەوە. خەسڵەتێکی تری رای گشتی برتییە لەبوونی (دینامیکیەت)، واتە لەژێر کاریگەری پێشهاتەکاندا دەبێ گۆڕانی تێدابکەوێ. خەسڵەتێکی تر کەزۆربە پتەوی گرێ دراوە بە خەسڵەتەکانی ترەوە، بوونی (ئازادی رادەربڕین )ە. دواین خەسڵەتیش بریتییە لەوەی (بەرژوەندی چین‌و توێژێکی بەرفراوان بگرێتەوە).

### هۆکارەکانی گرنگ پێدان بە رای گشتی

سەرەکی ترین هۆکارەکانی‌گرنگی پێدان بە رای گشتی لەم شەش خاڵەی خوارەوەدا چڕ دەبیتەوە:

1. پەرەسەندنی دیمۆکراسی: لەپاش هەرەس هێنانی بلۆکی رۆژهەلات,سەرکەوتنی لیبرالیزمی‌دیمۆکراتی,مەسەلەی دیمۆکراسیەت ومافی مرۆڤ وکۆمەڵی مەدەنی بونەتە خواستی سەرەکی زۆربەی گەلان.بەشێوەیەکی سروشتی‌هاتنەدی ئەوخواستانە هەلی بەشداری سیاسی و کومەڵایەتی زیاتر بۆ توێژەکانی کۆمەڵ خۆش دەکات,مرۆڤی دیموکرات بەرپرس دەبێت لە زانینی ئایندەی خۆی و وڵاتەکەی،رای ئەم مرۆڤە لە وڵاتە دیمۆکراتەکاندا حسابی بۆدەکرێت.
2. ئاسان کاری پەروەردەو فێرکردن: ئەگەر جاران تەنیامندالآنی چینی سەرمایەداروخانەدانەکان توانای بەردەوام بوونی‌خوێندنیان هەبوو,ئەوا لەم سەردەمەدا,زۆرینەی خەڵك دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.بوونی کۆمەڵگایەکی خوێندەوارو هۆشیار,ئاستی ئومێد وخواست وپێشبینیەکانی ئەندامانی بەرزدەکاتەوە.
3. ئاسانی پەیوەندی بەستن:بەهۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاوە,مرۆڤەکان زۆر بەخێرایی ولە هەرکوێیەك بن دەتوانن بەیەکەوە پەیوەندی ببەستن.
4. گۆڕانی ئابوری:گۆڕانی ئابوری هۆکارێکی ترە بۆ پەرەسەندنی‌گرنگی پەیدا کردنی رای گشتی.

---

4- دهاني الرضا ،الرا العام والاعلام والدعاية-ل19
5 - د.ناهد رمـ ي ،الرا العام وساي ولوجية السياسة،ل16
6 – ار رايةن ذمارة (1) ل 41

5. گرنگی پێدانی حکومەتەکان:حکومەتە دیمۆکراتەکان مەبەستیانە رای گشتی هاوولاٌتیانی خۆیان بزانن,تاکو لەریگەیەوە هەنگاو بۆ مەسەلە پەیوەندیدارەکان بنێن.

6. بەرەو پێشبردنی ستراتیژی نەتەوەیی:رای گشتی لەو روەوە جێگەی گرنگی پێدانە ،کە هیچ ستراتیژێکی نەتەوەیی بەبێهاوکاری وپشتیوانی توێژە بەربلاٌوەکانی کۆمەڵگا قابیلی هاتنەدی نییە(7).

## پەیوەندی نیوان دەسەلاٌت ورای گشتی

لە نیوان رای گشتی ودەسەلاٌتدا بە تایبەتی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا پەیوەندیەکی توندو نەپساوی دوولایەنە هەیە,هەریەکەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان کار لەوی تر دەکات.هەلومەرجی کات وشوێن رۆڵی کاریگەر لە سازدانی ئەو پەیوەندیيەدا دەبینن.

کاریگەری رای گشتی لە سەر دەسەلاٌت:

رای گشتی دەتوانیٌ بە شێوەیەکی راستەوخۆ (وەك هەڵبـژاردن,ریفراندۆم, و مانگرتن)کار لە دەسەلاٌت بکات.لە هەندیٌ حاڵەتی تردا رای گشتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەلاٌت دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە وەك(خۆپیشاندانی سیاسی, گروپەکانی گوشار, پەیوەندی راستەوخۆ,) لە هەمووی گرنگتر دەکریٌ لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە رای گشتی خۆی دەسەلاٌت پیشان بدات.

کاریگەری دەسەلاٌت بە سەر رای گشتیەوە:

دەسەلاٌت داران بە شێوەیەکی گشتی ,دیمۆکراتیبن یان دیکتاتۆری کاریگەریەکی زۆریان بە سەر رای گشتی هاوولاٌتیانیخۆیانەوە هەیە.ئەو کاریگەریەش بە چەند شێوازێك پیادە دەکرێت. گرنگترینیان هەڵسوکەوت وکۆڕوکۆنفرانس وئینتەرفیوی بەرپرسە حکومیەکانە.ئەم مەسەلانە بە شێوەیەکی خیرا کار لە رای گشتی هاوولاٌتیان دەکات.جگە لەوە زۆر جارئەو بڕیارو یاسایانەی کە پەرلەمان وحکومەت دەریان دەکەن ,رای گشتیان لیٌ دەکەوێتەوە

* * *

1- محمد رزائە یەزدی ،تیۆری ناسینەوەی رای گشتی , ل7

## بەشی دووەم

# جۆرەکانی رای‌گشتی

## جۆرەكانی رای گشتی

پاش ئەوەی لەماناو پێناسەكانی رای گشتی تێگەیشتین، بەپێویستی دەزانین باس لە جۆرەكانی رای گشتی بكەین،بەر لە هەر شتێك ئێمەئێستا دەزانین رای تاكە كەس جیاوازیەكی زۆری هەیە لەگەڵ رای گشتی. لەپێش هەموو جیاوازییەكاندا وادەخوازێ ئاماژە بەوە بدەین كەوا رای تاكەكەس دەبێ بەدوو جۆرەوە: (را)یەك كەپەیوەندە بەكاروباری تایبەت بەكەسەكە خۆیەوە.جۆرەكەی تریشیان بریتیە لەو (را)تاكەكەسیەی كەگرێ دراوە بەمەسەلە گشتیەكانەوە.واتە تێڕوانینی كەسەكە بۆ رووداوو مەسەلە گشتیەكان.

پسپۆڕانی بواری رای گشتی، لەریزكردنی رای گشتیدا چەندین جۆر پۆلێن كردنیان داناوە، بەلاَم هەر هەمویان كۆمەڵێ‌خاڵی هاوبەشیان تێدایە كەلەسەر هێڵێكی هاوتەریب رێكیان دەخات. دیارترین پۆلێن كردن پێی وایە رای گشتی دەكرێت بەسێ جۆری سەرەكی و كۆمەڵێ جۆری لاوەكیەوە:

*1-رای گشتی، بەپێی شوێنی بلاَوبوونەوەی.2-رای گشتی، بەپێی كاتی بلاَوبوونەوەی.3-رای گشتی بەپێی دەركەوتن و شاراوەیی.*

***یەكەم: رای گشتی بەپێی شوێنی بلاَوبوونەوەی***

شوێنی جوگرافی و پیشەو چین و توێژ پێكهێنەری ئەم جۆرەن لەرای گشتی و دەبێت بەم بەشانەوە:

ا- رای گشتی ناوچەیی: ئەمە ئەو راگشتیانە دەگرێتەوە كەلە سنوری ولاَتێك یان هەرێمێكی دیاریكراودا سەبارەت بەكێشەیەك دروست دەبێ. جۆروشێوازی دەربڕینی ئەم جۆرە رایە، بەپێی ئەو كێشانەو كۆسپانەی كەلەچوارچێوەی ئەو سنورەدا دەژین دەگۆڕێ. لەخوارەوە باس لەسێ جۆر رای گشتی ناوچەیی دەكەین:

1-رای گشتی حیزبی: وەك دەزانین هەر حزبەو كۆمەڵێ ئەندامی هاوئامانج و هاوبەرژەوەندی لەدەوری خۆی كۆكردۆتەوەو بەدەیان دۆست و لایەنگریش پشتیوانی لێدەكەن. ئەم ئەندام و دۆست و لایەنگرانەش زۆرجار رای هاوبەشیان سەبارەت بەرووداوە سیاسی و كۆمەلاَیەتی و ئابوریەكان دەبێ. ئەم جۆرە رای گشتییە بەوە دەناسرێ كەدیسپلینی تێدایەو لەلایەن سەركردایەتی حزبەكانەوە بەرنامەی بۆ دادەرێژرێت.

2-رای گشتی سەندیكایی: سروشتی ئەم جۆرە رای گشتییە لەوەدایە كە زیاتر گرنگی بەو كێشەو گرفتانە دەدات كەبەلای ئەندامانی سەندیكایەكی دیاریكراو (پزیشكان-كرێكاران، خوێندكاران) مایەی گرنگی پێدانە, ئەم جۆرە لە رای گشتی لەڕواڵەتدا لەرای حیزبی دەچێ.

3-رای گشتی جۆرایەتی: كۆمەڵێ كەس كاتێك بەرژەندییەكی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە ورایەكی گشتی هاوبەشیان سەبارەت بەدیاردە یان رووداوێك لا دروست دەبێ، لەوانەیە ئەو كۆمەڵە كەسە لەرووی ئاینی یان ئایدۆلۆژی یان باوەڕ یەك بگرنەوە. وەك رای گشتی كلدانیەكان یان كاكەییەكان.

ب/ رای گشتی هەرێمایەتی: زۆرجار وادەبێ چەند گەلێكی هاوسنوری یەكتر رایەكی گشتی هاوبەشیان سەبارەت بەرووداوێك دەبێ كەبەرژەندی هەموویانی تێدایە. نمونەی ئەم جۆرە رای گشتییە زۆرەو لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەچەند نمونەیەكی نزیك بدەین. ساڵی 1998 بوومەلەرزەیەكی توند توركیای گرتەوەو كارەساتێكی مرۆیی گەورەی لێكەوتەوە. ولاَتانی دراوسێی توركیا بەیۆنانی كۆنە دوژمنی توركیاشەوە هاوسۆزیەكی زۆریان بۆ گەلی توركیا نواند. هەروەها سیستەمی ئەپارتاید لەئەفریقای

باشور، رایەکی گشتی لەولاتانی ئەفریقاییدا سەبارەت بەو کارەساتە مرۆییە رەگەز پەرستیە دروست کردبوو.

پ/ رای گشتی جیهانی: مەبەست لەرای گشتی جیهانی یان نێونەتەوەییە، نەك حکومەتەکان زۆرجار کێشەیەك لەجێگەیەکی دونیادا روودەدات و دەبێتە مایەی گرنگی پێدانی رای گشتی جیهانی. بەزۆری ئەم جۆرە رایە بۆ پشتیوانی مافی مرۆڤ و دژایەتی کردنی شەڕو پێکدادانە، هەرچەندە هەندێ جار کێشەیەکی وەك پیس بوونی ژینگەو کون بوونی چینی ئۆزۆنیش رای گشتی دروست دەکەن. لێرەدا پێویستە وەك نمونە ئاماژە بەو هەموو خۆپیشاندانانە بکەین کەدژ بە هەڵگیرسانی شەڕی رزگارکردنی عێراق سازکران.

دووەم: رای گشتی بەپێی کاتی بلاوبوونەوەی

رای گشتی بەپێی بەردەوامی و کاتی بلاوکردنەوەی دەکرێت بەم بەشانەوە:

ا- رای گشتی هەمیشەیی: بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم جۆرە رای گشتییە پەیوەستە بە کێشە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانەوە و کار لەژیانی سیاسی و راگەیاندنەکان دەکات. دەکرێ وەك نمونە باس لەکێشەی ئەنفالکراوەکان و کەرکوك بکرێت کەدەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرە رای گشتیەوە. ئەم جۆرە رای گشتیە تاکو چارەسەرکردنی یەکجاری کێشەکە بەردەوامی دەبیّ و هەندێ جار دەبێتە باوەڕێکی نەگۆڕ لەلای ئەو خەڵکانەی کەکێشەکەیان بەلاوە گرنگەو رەنگە لەنەوەیەکەوە بگاتە نەوەیەکی تر.

ب-رای گشتی کاتی: لەئەنجامی دەرکەوتنی کێشە یان رووداوێکی لەناکاوجۆرێك لەرای گشتی دروست دەبیّ کەبەچارەسەربوون یان نەمانی کاریگەری کێشەو رووداوەکە ئەو جۆرە رایەش کۆتایی پیّ دێت. هەندێك لەوجۆرە رایە چەند سەعاتێك دەخایەنیّ. وەك تیرۆرکردنی سەرکردەیەك یان رودانی بوومە لەرزەیەك یان لافاوێك.

پ-رای گشتی رۆژانە: رایەکی گۆڕاوو بزۆکە وپەیوەستە بەگۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییە گۆڕاوەکان و هۆیەکانی راگەیاندن رۆڵی سەرەکی لەدروست بونیدا دەگێڕن.

سێیەم: رای گشتی بەپێی دەرکەوتن و شاراوەیی

ئەم جۆرە رای گشتییە دەبێت بەدوو بەشەوە کەبریتین لە:

ا- رای گشتی ئاشکرا: بریتییە لەو رایەی کەخەڵك بەبیّ هیچ سانسۆرو ترس و دڵە راوکێیەك بەشێوەیەك لەشێوەکان دەری دەبڕن و زیاتر لەو ولاتانەدا باوەکە دیمۆکراسی و ئازادی رادەربڕین بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵگا دابین کراوە. هاوولاتیان دەتوانن بەپێی ئەو یاسایەی کە لەولاتەکەیاندا بەرقەرارە بەشێوەکانی نوسین، خۆپیشاندان، کۆرگێڕان، سیمینار، مانگرتنی گشتی تەعبیر لەهەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەکێشەو رووداوەکان بکەن.

ب-رای گشتی شاراوە: لەزۆربەی ولاتانی رۆژهەلات و عەرەبیەکاندا سیستەمی حوکمی تاك رەوی و تۆتالیتاری فەرمانڕوایەو گەلانی ئەو ولاتانە لەمافی دەربڕینی رای خۆیان بیّ بەش کراون. بۆیە ئەو رایە لەناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و وەك رایەکی گشتی شاراوە دەمێنێتەوە تاکو بوارێکی بۆ دەرەخسیّ بۆ دەربڕین وەك چۆن ساڵی 1991 لەباکورو باشوری عێراقدا رویدا. هەروەها دەکریّ رووداوەکانی

2003/4/9 شارەکانی عێراق بەرامبەر بەحوکمی سەرۆکی پێشوی عێراق لەچوارچێوەی ئەم رایە بێتە ژماردن.[8]

* * *

## بەشی سێیەم

# پێکهێنەرەکانی رای گشتی

---

8- د. هاني الرضا ، الرا العام والاعلام والدعاية ل30-33

## چۆنیەتی پێك هاتنی رای گشتی

بۆ پێكهاتنی رای گشتی لەژینگەیەكدا، پێش هەر شتێك دەبێ بابەتێك هەبێت كەجێگەی سەرنج و تێبینی كۆمەڵێ خەڵك بێت تاكو رای خۆیانی سەبارەت دەربڕن. وەك پرنسیبێكی سەرەكیش دەبێ ئەو بابەتە بەلای زۆرینەی خەڵكییەوە مایەی گرنگی پێدان بێت. زۆرجار ئەو بابەتەی كە دەبێتە مایەی پێكهێنانی رای گشتی بەچەند قۆناغێكدا تێپەڕ دەبێت و هەندێ جاریش بە شێوەیەكی كوت و پڕو لەناوكاودا دەردەكەوێت.

دەزگاكانی راگەیاندن و حزب و سەندیكاكان سەرچاوەی سەرەكین بۆ وروژاندنی بابەتی پێكهێنەری رای گشتی. لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بكەین كەراگەیاندنەكان رۆڵێكی بەرچاو دەگێڕن لە گەیاندن و رونكردنەوەی بابەتەكان بۆ خەڵك.

پاش ئەوەی خەڵك لە ناوەڕۆكی بابەتەكە گەیشتن و بەلایانەوە مایەی گرنگی پێدان بوو، قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن و كاردانەوە دێت. ئەم قۆناغە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی تر دەگۆڕێ. وەك پێشتریش وتمان، لەوڵاتە دیموكراسەكاندا هەڵوێستەكان ئاشكران، بەڵام لەوڵاتە تۆتالیتارییەكاندا شاراوەو نهێنین.

لەوڵاتە دیموكراسیەكاندا باشترین شێوازی دەربڕینی رای گشتی بریتییە لە مانگرتنی گشتی كە زۆر بەدیسپلین و دوور لەتوندو تیژی و ئاژاوە بەڕێوەدەچێ. هەروەها رێپێوان و خۆپیشاندان شێوازێكی گونجاوی ترە بۆ رادەربڕین، بەڵام هەندێ شێوازی تر هەن كە كاریگەریە نێگەتیڤیەكانیان زیاترە لە پۆزەتیڤیەكانیان، وەك بایكۆت كردن و یاخی بوونی مەدەنی. لەهەموو حاڵەتەكاندا، پرۆسەی پێكهێنانی رای گشتی بەبێ بوونی دیموكراسی و رەخساندنی هەلی گۆڕینەوەی بیروڕاو وتووێژكردن سەرناگرێ[9].

*لەپێكهاتنی رای گشتیدا كۆمەڵێك هۆكاری جوگرافی، مێژوویی،كۆمەڵایەتی،سیاسی، ئابووری و كولتووری رۆڵی جیاجیا دەگێڕن، بەڵام خاڵێكی سەرەكیی كەدەبێت لەكاتی دیراسەكردنی پێكهێنەرەكانی رای گشتیدا لەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لەوەی پێكهێنەری رای گشتی هەر وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێكی تردا جیاوازەو مێژووو ژینگەو كولتووری تایبەتیی وڵاتەكە لەو بوارەدا رادەی شتەكان دیاری دەكەن، وەك پاشتر بۆمان دەردەكەوێت، گەلێك هۆكار دەبنە سەرهەڵدانی رای گشتی. ئەو هۆكارانەش بریتین لە:*

## ژینگەی سروشتی:

زۆربەی زانایانی سایكۆلۆژیی و كۆمەڵناسی، لەسەر ئەوە كۆكن كەوا سروشت ئامادەبوونێكی كاریگەریی هەیە لەسەر سروشت و هەڵسوكەوت، تەنانەت شێوازی بیركردنەوەی مرۆڤ بەمانایەكی تر ناكرێت ئێمە بوارە سیاسی و كۆمەڵایەتی و فكری و ئابوورییەكانی كۆمەڵگاكان دابڕین لەژینگە. هەر لەم بارەیەوە ناپلیۆن پۆناپارتی سەركردەی سەربازیی فەرەنسی دەڵێت "سیاسەتی وڵاتان هەڵقووڵاوی جوگرافیاكانیانن"[10]..

نزیكترین نموونە بۆ كاریگەریی جوگرافیی لەسەر تێكڕای لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیی خودی كۆمەڵگای كوردەوارییە كەجوگرافیایەكی بەربلاو، بەڵام سەخت و شاخاوی و دوور لەدەریای هەیە، ئەم پێكهاتنە جوگرافییەی كوردستان بووەتە هۆی دابڕانی ناوچەكان لەیەكترو كەمبوونەوەی پەیوەندیی

---

9 -عبدالمنعم سامي ،الرا العام والاشاعة- ل22

1-اد.هاني الرضا ،الرأي العام والإعلام والدعاية، ، ل56

بازرگانیو کۆمەلأیەتی لەنێوان خێڵە کوردییەکان، نەبوونی دەریاش هەمان کاریگەریی لەسەر ئاستی جیهانیدا هەبووە.

جگە لەوە سروشتی کوردستان وایکردووە ناوچەیەك لەڕووی پێداویستییەوە پێویستیی بەناوچەیەکی ترەوە نەبێت، ئەم دابڕانو لێکترازانە بوونەتە هۆی نەبوونی خواستی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو لەسەر خاکی کوردستان. بەپێچەوانەوە دەوڵەمەندیو بەپیتی خاکی کوردستان هەردەم لیکی لەدەمی گەلانی دراوسێی کوردستاندا شۆڕکردووەتەوە داگیریان کردووە. بۆ مەسەلەی پەیوەندیی جوگرافیای کوردستانو کاریگەریی لەسەر رای گشتی، دەکرێت بڵێین" تاکو ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەبووە، ناوچە شاخاوییەکان بەربەستێکی گەورەبوون لەسەر یەکخستنی رای کورد، بەپێچەوانەی بەریتانیا کەدورگەیی بوونی ولأتەکەیان بووەتە هۆی یەکخستنی گەلی ئینگلیز لەبەرامبەر دوژمنانیدا، بگرە بوونی دەریا هەستی بالأدەستییو گیانی داگیرکاری لەناخی ئینگلیزەکاندا چاندووە.

بەهەرحاڵ، حاڵی حازر جوگرافیاو سروشت ،هەمان کاریگەرییان نەماوە وەك لەسەردەمی ناپلیۆندا هەیبووە، بەڵکو تەکنۆلۆژیا هەموو شتەکانی ئاسانکردووەتەوە، سەرکردە سەربازییەکانی ئەمڕۆ بۆ هەندێك لایەنی کەم نەبێت ئەگینا لەکاتی تەقاندنی رۆکێتی بالیستیدا هێندە کاریگەریی ژینگە لەبەرچاو ناگرن، سەبارەت بەکوردستانیش، ئەوا هیچ چیایەك تەنانەت ئەگەر لووتکەکەی لەکەشەکەلانی ئاسمانیش بێت، ناتوانێت لەبەردەم ناردنی پەیامی کەناڵە سەتەلایتەکاندا بوەستێت، نزیکترین نموونەش رووداوەکانی رۆژی 2004/3/14 بوو کە لەشاری قامیشلی روویداو دواتر بەهۆی گرنگپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستانەوە راپەرینی ئازاری لەکوردستانی سووریا لێکەوتەوەو پاشان ئەو را گشتییەی لەهەر چوار پارچەی کوردستانو دەرەوەی کوردستان لێپەیدابوو، "رای گشتی" یەك کەپێشتر نموونەی کەمبووە لەکوردەواریدا.

## داب و نەریت

لەباووباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوەو زۆر سەختە لێی لابدەن. گەلان بەتایبەت گەلانی رۆژهەلأتی زیاتر ملکەچی دابو نەریتەکانیانن و هێندە گوێ بەباشو خراپییەکانیان نادەن، هەر ئەوەش وایکردووە بەئاسانی مل بۆ گۆڕان کەچ نەکەن.

لەم کۆمەڵگایانەدا تاك بەتەواوەتی لەکۆنترۆڵی کۆی کۆمەڵگاکەیدایە، "ستیوارت چیس" دەڵێت" (90٪ی هەڵسوکەوتی تاك لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ئەو سیستمە دیاریدەکات کە لەمنداڵییەوە فێری دەکات)[11]، بەلأم ئایا دەکرێت دابو نەریت وەك "رای گشتی" تەماشابکرێت..؟

تێکڕای پسپۆڕانی بوارەکە پێیان وایە دابو نەریتو رای گشتی دوو شتی لێك جیاوازن، چونکە رای گشتی بەهۆی سەرهەڵدانی بابەتێکی نوێو کاتییەوە سەرهەڵدەداتو بەنەمانی ئەو بابەتە راگشتییەش تەواودەبێتو هیچ کێشەو گرفتێك لەئارادا نامێنێت، بەلأم دابو نەریت بەپرۆسەیەکی دوورو درێژدا تێپەڕیوەو تێکڕای خەڵك لەسەری کۆکنو هیچ گرفتێکی نەماوە..

---

1- د. عا ف عدلي العبد عبيدي ،الرأي العام و رق قياسه، تأليف، ل33

وەك وتمان" هەرچەندە داب و نەریت بەڕای گشتی لەقەڵەم نادرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت داب و نەریت کار لەڕای گشتی ناکات، بەتایبەتی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، بۆ نموونە کاتێك لەوڵاتێکی وەك کوردستاندا فیمینیزم داوای یەکسانیی لەنێوان ژن و پیاو دەکات، زۆر ئاسانە بۆ حزب و لایەنە کۆنەپەرستەکان بەبەرەڵایی تۆمەتبار بکەن، چونکە کۆمەڵگای ئێمە زەمینەی دووەمی تێدا لەبارترە نەك وەك ئەوەی یەکەم.

ڕاگەیاندن کاریگەرترین کەرەستەیە بۆ گۆڕینی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی گەلان، بەتایبەت ئێستا کە بەئاسانی هەر کەناڵێك ئەگەر بیەوێت بەپلانێکی زانستی لەڕێگای خستنەڕووی لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی نەریتێك و پێشاندانی ئەزموونی گەلانی ترەوە، هەستێت بەلاوازکردنی نەریتێکی بەجێماوی باووباپیران، وەك ئەوەی سینەمای هیندی توانیی لەحەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا گیانی تۆڵە سەندنەوە لەناو هیندییەکاندا کەمبکاتەوە، بەڵام پێویستە پێش هەر هەنگاوێك باوەڕە چەسپاوو ئیمانییەکان لەنەریتە کۆمەڵایەتییە لەرزۆك و سستەکان جیابکەینەوە، چونکە ئەوەی یەکەمیان وەك "گۆستاڤ لۆبۆن" دەڵێت" "هەمیشەیی و درێژخایەنن و شارستانییەتیان لەسەر بونیاتنراوە"[12]، بەڵام ئەوانەی تر لەئەنجامی ئەزموون، باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هاتوونەتەکایەوە و بەگۆڕینی ئەو بارانە ئەوانیش گۆڕانیان تێدا ڕوودەدات یان دەسکاریکردنیان ئاسان دەبێت.

هەر سەبارەت بەگۆڕینی هەندێك داب و نەریتی خراپ و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر ئەو گۆڕانە دەکرێت باس لەوە بکرێت کە لەکۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمە لەسەر پێدانی "باج" ڕانەهاتووەو بووەتە نەریتێك بەلایەوە، چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت خەڵك لەوە هۆشیاربکاتەوە کەئەوباجەی تۆ دەیدەیت سبەی لەپرۆژەی خزمەتگوزاریی تردا بۆت خەرجدەکرێتەوە، یان ئەوەی کەلەلای ئێمە لەبۆنە شادییەکاندا تەقەی خۆی دەکرێت و ئەو نەریتەش ساڵانە چەندین گیان لەگەڵ خۆیدا دەبات، ڕاگەیاندن دەتوانێت لەڕێگای زەرەرو زیانەکانییەوە پاشەکشەی پێبکات.

بەهەرحاڵ داب و نەریت زۆرجار دەتوانێت لەپێکهێنانی ڕای کەسێك یان گرووپێکدا سەبارەت بەبابەتێکی هەنووکەیی ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت، بەتایبەتی ئەو گرووپ و کەسانەی کەئاستی هۆشیارییان نزمەو ئاسۆی بیرکردنەوەیان بەرتەسکە.

## ئایین

ئایینەکان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگاکانەوە تاکو ئێستا، ڕۆڵێکی نەك هەر بەرچاو، بەڵکو چارەنووسساز دەبینن لەئاراستەکردنی تاك و کۆی کۆمەڵدا، جگە لەلایەنە ڕۆحییەکەی.. ئایینەکان کاریگەریی کولتووریی و فیکرییش لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵن و سیستەمی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی زۆر لەیاسا و بڕیارەکانیان لەئایینەوە وەردەگرن و (هەڵبەت ئەمە لەوڵاتە ناعەلمانییەکاندا)، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە وڵاتانی عەلمانی کەڵك لەئایین وەرناگرن بۆ کارکردنە سەر جەماوەر سەبارەت بەپەرستن و کاریگەریی لای مرۆڤ "گۆستاف لۆبۆن" لەکتێبی (سایکولوجیە الجماهیر)دا دەڵێت" "پەرستن لای مرۆڤ لەدەرەوەی هەموو شتەکانەوەیە، ترس لەو شتەی کەپەنای بۆ دەبات کارێکی وادەکات کوێرانە فەرمانەکانی جێبەجێ بکات و هیچ موناقەشەیەك نەکات، جگە لەوە بەردەوام حەزدەکات ئەو باوەڕانە

---

2-غوستاف لوبون، ترجمة: هاشم صالح ،سايلوجية الجماهير ، ل145

پەخشبكاتو هەركەسێك ڕەفزی بكات وەك دوژمن تەماشای بكات، جا ئەو باوەڕە بۆ خوایەك بێت كەنابینرێت یان بۆ بتێك یان ئایدیۆلۆژیایەك گرنگ ئەوەیە لەگەوهەردا ئایینە"(13)..

ناوەرۆكی ئەم بڕگانەی سەرەوە زۆر روونو ئاشكرایە، ئەوەی پەیوەندیی بەباسەكەی ئێمەوەبێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە "را" لەلای مرۆڤی خاوەن ئایینەوە پێشوەخت لەسەر شتەكان بۆی دراوەو كەسی ئایینی هیچی لەسەر نییە تەنها ئەوە نەبێت بەشەریعەتەكانی ئایینەكەیدا بچێتەوە بۆ وەرگرتنی هەڵوێست.

ئایینەكانی: جوولەكە، مەسیحییەت، ئیسلامو بوودایی و زەردەشتییەت لەماوەی دەركەوتنیاندا تاكو ئەمڕۆش كاریگەریی خۆیان لەسەر لایەنگرانیان هەیە، بەتایبەت ئایینی ئیسلام، كەهەموو رۆژانی هەینی پەیوەندیی راستەوخۆ لەنێوان ملیۆنەها موسڵماندا لەڕێگای پیاوانی ئایینەوە دەبەستێتو ژیانی تاك بەتاكیان كۆنترۆڵ دەكات، ئەم سیستمی پەیوەندییە جەماوەرییەی كەهەموو هەینییەك لەمزگەوتەكاندا دەبەسترێت "تاك" دەبەستێتەوە بە"كۆ"وەو ئەوەش "رای گشتی"ی لێدەكەوێتەوە، هەرچەندە پێشتر ئەو كۆبوونەوانە زیاتر بۆ خواپەرستی و پەیوەندیی مرۆڤ بەخواوە بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی مینبەرەكانی مزگەوتەكان بۆ پروپاگەندەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حزبی بەكاردێتو خەڵكی سادەو ساكاری پێ لەخشتەدەبرێت تاكو بۆ ئەو ئامانجە تەیاریان بكەن، كەخوتبەخوێن دەیەوێت. خوتبەكانی مەلا كرێكارو هاوەڵانی باشترین بەڵگەن بۆ كۆكردنەوەی رای گشتیی موسڵمانانی كورد بەرامبەر سیستمی عەلمانیی كوردستان. لەبەرامبەر ئەواندا دەسەڵاتی كوردی پەنای بردووەتە بەر مەلاكانی خۆی بۆ لاوازكردنی ئەو جۆرە بیركردنەوە. كورتەی باسەكە لەوەدایە كەئایین پێكهێنەرێكی گرنگی رای گشتییە، نەك تەنیا بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی، بەڵكو بۆ ئەوانەی كەدژیشین(14).. لێرەدا دەتوانین نموونەی ئەو باسانەی حكومەتی فەرەنسا بهێنینەوە كەتێیدا بەكارهێنانی هێما ئایینییەكانی وەك حجابو خاچو ئەستێرەی داودی لەقوتابخانەكاندا قەدەغەكرد، ئەو بڕیارە بووە هۆی ورووژاندنیرای گشتیی موسڵمانەكان لەجیهانی ئیسلامیدا، بەهەمان شێوەش بووە هۆی پشتگیریكردنی گەلی فەرەنسا لەسیستمی عەلمانیی وڵاتەكەیان.

پێش ئەوەی كۆتایی بەم باسە بهێنین بەپێویستی دەزانم بیروڕاكانی"ئاڵفین تۆفلەر" سەبارەت بەڕاگەیاندن لەهەرسێ شەپۆلە ئابوورییەكەداو رادەی كەڵك وەرگرتنی ئایین لەو راگەیاندنە بخەمەڕوو:

تۆفلەر پێی وایە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی سێ شەپۆلی شارستانیەتیبڕیوەو هەریەك لەو شەپۆلانە تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، شەپۆلەكانیش بریتین لە:

1-شارستانیەتیكۆمەڵگا كشتوكاڵییەكان، كەپەیوەندیكردن رووبەڕوو لەڕێگای كۆبوونەوەی گشتییەوە بووە.

2-شارستانیەتیكۆمەڵگا پیشەسازییەكان، كەچاپو رۆژنامەو كتێبو رادیۆو تەلەفزیۆن دەركەوتن.

3-شارستانیەتیكۆمەڵگا تەكنۆلۆژییەكان، كەهێشتا لەسەرەتادایەو تەكنۆلۆژیای پەیوەندیكردن خۆی لەئینتەرنێتو سەتەلایت..هتد دەبینێتەوە.

---

1-هەمان سەرچاوە، ل91

[1]-د. عا ف عدلي العبد عبيدي ،الرأي العام و رق قياسه، ، ل38.

تۆفلەر پێی وایە ئایینەکان بەتایبەت ئایینی مەسیحییەت و ئیسلام لەقۆناغە جیاجیاکاندا توانیویانە کەڵك لەهەرسێ شێوازەکەی پەیوەندیی بەستن وەربگرن، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی کەڵك وەرگرتنی خومەینی لەمزگەوت و تەسجیل و تەلەفزیۆن بۆ لەسەرکار لابردنی شای ئێران دەهێنێتەوە، هەروەها سەبارەت بەئاییني مەسیحیی نموونەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەهێنێتەوە کەچۆن لەکەنیسەکانەوە گەلانی ئەو وڵاتانەیان هاندەدا.

## کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی

رای گشتی هەر گەلێك بەندە بەو سیستمی دەسەڵاتدارییەی کەحوکمڕانیی دەکات، لێرەدا باس لەهەردوو سیستمی دیکتاتۆریەت و دیموکراسییەت و رۆڵیان لەسەر رای گشتی دەکەین:

**1-سیستمی دیکتاتۆریەت:**

بێبەشکردنی هاووڵاتیان لەهەموو مافەکانیان، کۆنترۆڵکردنی رادەربڕین وسەپاندنی بیروڕای دەسەڵاتداران بەسەر گەل لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستمی دیکتاتۆریەتن. رژێمە توتالیتاریەکانی وەك نازی لەئەڵمانیا، فاشی لەئیتالیا و تکریتی لەعیراق و تالیبان لەئەفغانستان نموونەی زەقی سیستمی نادیموکراسین.

لەم رژێمانەدا ئازادییەکان خەفەدەکرێن و رای گشتیی هاووڵاتیان کۆنترۆڵدەکرێت و بەو ئاراستەدا دەبرێت کەلەبەرژەوەندیی دەسەڵاتداراندابێت، هەموو هۆکارەکانی پەیوەندی بەستن سانسۆردەکرێن و راستیی رووداوەکان دەشاردرێنەوە، درۆو فێڵ و تەڵەکە باڵادەست دەبێت، دەرئەنجامی ئەمەش رای گشتی راستەقینەی خەڵك دەرناکەوێت. ئەوەش دەبێتە هۆی بەشداریی نەکردنی خەڵك لەژیانی گشتیدا و نەمانی متمانە لەنێوان دەسەڵات و گەل. لەسیستمی دیکتاتۆریەتدا حکومەت گوێ بەڕای گشتیی جەماوەر نادات، چونکە لەبنەڕەتدا پێویستیی پێی نییە و هیچ بڕیارو هەڵوێستێکی ئەو حکومەتانە بەپشت بەستن بەڕای گشتیی گەلەکانیانەوە دانانرێن.

**2-سیستمی دیموکراتییەت:**

ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی رۆژنامەوانی، بوونی هەڵبژاردن و حزبی سیاسی و رێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی و شەفافیەت لەبڕیارو چالاکی و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵك، لەگرنگترین خەسڵەتەکانی سیستمی دیموکراسین، وەك لەپێشەکیدا وتمان زانینی رای گشتیی بۆ سیستمی دیموکراسی نەك هەر پێویستە، بگرە ئەم سیستمەی دەسەڵات ناتوانێت هیچ هەنگاوێك هەڵنێت ئەگەر پێشتر رای گشتی خەڵکەکەی مسۆگەر نەکردبێت، دکتۆر عاتف عەدلی ئەلعەبد عوبەید لەکتێبی (الرأي العام و رق قياسه)دا پێی وایە حکومەتە دیموکراتەکان دەتوانن لەڕێگای پێنج هەنگاوەوە کار لەڕای گشتی بکەن:

1-پەرەپێدان و زیادکردنی هۆشیاریی سیاسیی لای جەماوەر.

2-گرنگیی خستنەرووی هەموو راستییەکان بۆ بەردەم رای گشتی.

3-بەکارهێنانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ کارکردنە سەر رای گشتی.

4-گرنگیدان بەوەرگرتنی رای گشتی لەڕێگای سەنتەرەکانی پێوانەکردنی رای گشتی.

5–دابینکردنی ئازادیی دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، وەك زانکۆو سەندیکا پیشەییەکان[15].

لەسیستمی دیموکراسیدا هاووڵاتیان گرنگی بەژیانی سیاسی و ئەو کێشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییانە دەدەن کەڕووبەڕووی کۆمەڵگاکەیان دەبێتەوەو ڕاو چارەسەری پێشنیارکراویان بۆی هەیە, لەسیفەتە سەرەکییەکانی ڕای گشتی لەوڵاتانی دیموکراسییەتدا دەتوانین پەنجە لەسەر ئەمانەی خوارەوە دابنێین:

1–دوورە لەڕووکەشبوون و بەشێوەیەکی پتەو خۆی دەردەخات.

2–عەقلانییەتی پێوە دیارەو سۆزو هەڵخەڵەتاندنی تێدا نییە.

3–ئاشکراو ڕاشکاوانەیە.

4–بەشێوەیەکی ئاشتییانەو دوور لەتوندوتیژیی خۆی دەردەخات.

بەم جۆرە دەکرێت جارێکی تر ئەوە دووپات بکەینەوە کەوا بارودۆخی سیاسیی هەر وڵاتێك، ڕۆڵی دیار دەگێڕێت لەپێکهێنانی ڕای گشتی لای خەڵکی وڵاتەکە.

هەر ئەویشە وێنەی خەسڵەتەکانی ڕای گشتی لای خەڵك دەکێشێت.

## سەرکردەکان

*"ئازیزەکەم ئەم شەیتانە بچووکە سیحری لێکردووم بەجۆرێك کەمەن کێشی کردم خۆم تێناگەم، من کە لەخواو شەیتان باکم نەبوو، هەر کە لەم پیاوە نزیك دەکەومەوە، لەترسا گیانم دێتە لەرزین، ئەو دەتوانێت بەکونی دەرزیەکدا بمبات و بمخاتە ناو ئاگرەوەو هیچ دەنگم لێوە نەیەت."* [16].

ئەوە وتەی یەکێکە لەجەنەڕاڵە هەرە گەورەکانی سوپای فەرەنسییە بەناوی (ڤاندام) نهێنیی ئەو کاریگەرییەی سەرکردەیەکی وەك ناپلیۆن پۆناپارت لەسەر یەکێك لەجەنەڕاڵەکانی تا ئەو ڕادەیە بووە کەهیچ فەرمانێکی تەنانەت ئەگەر هەڵەش بوو بێت، پشتگوێ نەخراوە، هەر ئەو نهێنییەش وای لەفەرەنسییەکان کردووە وەك خواوەند تەماشای بکەن و بیگەیەننە ئاستێك نەخشەی هەموو دونیا لەماوەیەکی کورتدا بگۆڕێت. لەڕاستیدا ئەوە تەنیا ناپلیۆن نییە ئەو نهێنییەی تێدابێت، بەڵکو نموونە زۆرن لەمەسیح و محەمەدو بوداوە بگرە تادەگاتە گاندیی و خومەینی و ئەتاتورك و عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

ئەم سەرکردانەو زۆر سەرکردەی تر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا توانیویانە ببنە پێکهێنەری ڕای گشتی لەسەر ئاستێکی فراواندا و بۆ ماوەیەکی درێژ.

سەرکردایەتیکردن هونەرێکی تایبەتە بۆ کارکردنە سەر بیروهۆشی جەماوەرو ئاراستەکردنی و ئەو هونەرەش تەنیا لەهەندێك سەرکردەدا دەردەکەوێت و دەتوانێت هەست و هۆشی خەڵك کۆنترۆڵ بکات.

بەزۆری بیروبۆچوونی سەرکردەکان لەبەرژەوەندیی نەتەوەکەیاندایە، هەر ئەوەش وایکردووە جێگای متمانەی بەرفراوانترین کەسانی کۆمەڵگاکەی خۆیان بن.

سەرکردەکان بەچەندین شێوازی جیاواز پۆلێنکراون، هەریەك لەو پۆلێنانەش دەرهاویشتەی بیروبۆچوون و تێڕوانینی خاوەنەکانیانە، بەڵام یەکێك لەبۆچوونەکان سەرکردەکان بەپێی پەیامەکانیان پۆلێن دەکات بۆ سێ جۆر:

---

1-هەمان سەرچاوە، ل42-43.

2-غوستاف لوبون، ترجمة: هاشم صالح ،سايكولوجية الجماهير ، ل140.

1–سەرکردەی ئایینی: پێغەمبەران و ئیمام و رابەرە رۆحییەکان دەگرێتەوە.

2–سەرکردە کۆمەڵایەتییەکان: ئەمانە زیاتر لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەو خراپیی بارودۆخی گشتی و قەیرانەکاندا دەردەکەون و دەتوانن چارەسەری کێشەو گرفتەکان بکەن.

3–سەرکردەی سیاسی: ئەمانە ئەو سەرکردە پێشڕەوانەن کەدەتوانن ئامانجە باڵاکانی گەلەکانیان لەئازادی و پێشکەوتن و سەرکەوتن بەدەستبهێنن، وەك نیلسۆن ماندێلا و گاندی.

هەر سەرکردەیەك بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندی و توانایانەی کەهەیەتی کار لەخوڵقاندنی رای گشتی دەکات، جەماوەریش لەڕێگای ئەو هەڵوێست و کردەوانەی کەسەرکردە ئەنجامی داون لەڕابردوودا، رای لا دروست دەبێت بەتێکەڵکردنی هەردوو حاڵەتەکەو بەپاڵپشتیی کەناڵەکانی راگەیاندن گەلێك جار سەرکردەکان دەبنە پێکهێنەرێکی سەرەکیی رای گشتیی گەلێك یان نەتەوەیەك.

ئەوەی گاندی لەشۆڕشی سەربەخۆیی هیندستاندا لەچلەکانی سەدەی رابردوودا ئەنجامیدا بەڵگەیەکی شایستەیە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە.

## شۆڕش و ئەزموون و رووداوەکانی گەل و گەلانی تر

ئەو رووداوە گرنگە مێژووییانەی کە لەنەستی تاکەکانی کۆمەڵگادا چەسپیون، کاریگەریی گرنگیان هەیە لەسەر پێکهێنانی گیانی هاوبەشی و پێکەوەژیان و هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەر رووداوێکی تر کە لەوانەیە لەئاییندەدا روویدات.

ساڵی 1988 رژێمی بەعس لەپەلامارەکانی ئەنفالدا (4500) گوندی کوردستانی وێرانکردو هەڵەبجەی کیمیاباران کردو (182) هەزار مرۆڤی کوردی بێ سەروشوێنکرد، ئەم رووداوە تاڵانە رای گشتیی کوردی لەبەرامبەر رژێمی بەعس یەکخست، ئەوەبوو لەڕاپەڕینی 1991دا گەلی کورد بەیەك دەنگ دژی بەعسییەکان وەستا و لەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا وەدەریاننان، کاتێك تەرازووی هێز بەلای سوپای عیراقدا شکایەوە، کۆڕەوێکی سێ ملیۆنی روویدا، لەم حاڵەتەشدا جارێکی تر پەلامارەکانی ئەنفال بوونە هۆی یەکخستنی رای گشتیی کورد، بۆئەوەی ئەوانەی لەساڵی 1988دا روویاندا دووبارە نەبێتەوە.

ئەو ئەزموونەی کەکورد لەگەڵ عەرەبی عیراقدا هەیەتی هەردەم ئەو قەناعەتەی لای رای گشتیی کورد دروستکردووە کەوا پێکەوە ژیان لەگەڵیاندا لەزیانی ئەوو قازانجی ئەویتر دا دەبێت. هەر سەبارەت بەئەزموونی گەلان دەکرێت نموونەی دەرهاویشتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر ئەڵمانیا بهێنینەوە، ئەوەبوو لەپاش تەواوبوونی شەڕ، وڵاتی ئەڵمانیا بەهەزاران کۆت و بەندی هەمەچەشن بەسترایەوە، ئەو کۆت و بەندانەی کاری لەسەر گەلی ئەڵمانیا کرد، هەر بۆیە بەدوای کەسێکی بەهێزدا دەگەڕا بۆ دەربازکردنی لەو رێکەوتننامە شەرمەزارییە.

ساڵی 1930 رای گشتی ئەڵمانییەکان لەدەوری هیتلەردا کۆبووەوەو هێنایانە سەر کورسیی حوکم، ئەوەش وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەو زیانانەی کە لەوڵاتەکەیان کەوت[17].

رووخانی رژێمی عیراق لە2003/4/9و گەورەبوونی رۆڵی کورد لەعیراق و سەلماندنی فیدراڵیزم وەك سیستەمی حوکم بۆ عیراق لە 8ی مارسی 2004 بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریی لەکوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان کرد، ئەوەبوو ئێوارەی هەمان رۆژ لەشارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات شادی و

---

1- د.هاني الرضا،الرأي العام والإعلام والدعاية، ، ل75.

خۆشیی دەستپێکردو لەئەنجامدا ناکۆکییەکی گەورەی لێکەوتەوە، رووداوەکانی کوردستانی ژێر چەپۆکی سووریاش خۆی لەخۆیدا دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەن که لەکوردستانی باشوور سەریانهەڵداوە.

لایەنێکی تر کەکاریگەریی لەسەر رای گشتی هەیە، هەلومەرجی ئابوورییە، ئێمەش دەزانین خەڵك بەبەردەوامی بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانو ئەو گرووپو رێکخراوانەدا دەگەڕێن کەتێیدا ئەندامن، بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی ئابووری ئەگەر زیانی پێگەیاندن، لەبەرامبەریدا هەڵوێست وەردەگرن، زۆر لەشارەزایانی بواری "کێشەکان" پێیان وایە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشو راپەڕینەکان دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی باری ئابووری، نائارامییەکانی (هەرێمی دارفور) لەسودان نموونەیەکیئەوەی سەرەوەن.

**هەلومەرجی نێودەوڵەتی**

تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن گۆڕانکاریی لەسیستمی کارلێکردنی وڵاتاندا کردووە، ئەمڕۆکە هیچ گەلو وڵاتێك ناتوانێت بەدابڕاوی ژیان بەسەربەرێت، سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی "شێتیی گا" یان "ئەنفلۆنزای مریشك" با لەچینو تایلەنددا رووبدەن، بەڵام ترسو تۆقین لەکەنەداو مالیزیاش دروستدەکەن.

سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەرگای لەبەردەم رای گشتیی جیهانیدا کردەوە، ئەو شەڕە تەنیا شەڕی نێوان دوو گەل یان وڵات یاخود تەنانەت دوو کیشوەریش نەبوو، بەڵکو شەڕێك بوو هەموو دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو، کوێرەوەریو نەهامەتییەکانی ئەوشەڕە رایەکی گشتیی نێودەوڵەتیی بەرهەمهێنا که لەوەپێش دونیا بەخۆیەوە نەدیبوو.

پێشکەوتنی کەناڵەکانی راگەیاندنو راگەیاندنی ئەلکترۆنی، بارودۆخێکی وای دروستکردووە رووداوەکانی عیراقو ئەفغانستان لەهەموو ماڵێکی ئەورووپیو ئەمریکیدا کاریگەریی هەبێت، دیمەنی کوشتنو سووتاندنو سووکایەتیپێکردنی سەربازە ئەمریکاییەکان لەشارۆچکەیەکی وەك فەلوجە لەلایەن بەعسیو تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، بەتەنیا خەڵکی عیراقو ئەمریکا ناوروژێنێت، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی پێی دەشڵەژێت.

لەوەی پێشەوە بۆمان روون دەبێتەوە رووداوە ئیقلیمیو ناوچەییەکان چیتر لەو سنوورە بەرتەسکانەی خۆیاندا نامێننەوە، بەڵکو ئەوەی لەکابوول دەقەومێت بەهەمان کاریگەریی ئەوەی لەمەریخ روودەدات کار لەجیهان دەکاتو رایەکی گشتیی نێونەتەوەیی دروستدەکات.

* * *

## بەشی چوارەم

# شێوازەکانی گۆڕینی
# رای گشتی

پرۆسەی گۆڕینی ئەو بیروڕایانەی کەماوەیەکی زۆرە لەهزری خەڵکدا چەسپیون کارێکی یەکجار سەختو دژوارە. بەتایبەت گۆڕینی رای ئەو جەماوەرەی کە شارەزانیەو دوورە لەچاودێریکردنی رووداوەکان. چونکە ئەم جۆرە خەڵکانە دوو دڵن و جێگیرنین لەسەر رایەكو زۆر لەسەرخۆ دەکەوتنە ژێرکاریگەری پرۆسەی وەرگتنی بیرورای نوێوە. زانایانی بواری رای گشتی کۆمەڵێ شێوازیان داناوە بۆ گۆڕینی رای گشتی لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر.

## لەخوارەوە گرنگترین شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی دەخەینەڕوو:

### یەکەم/ شێوازی دووبارەکردنەوەو بەدواداچوون:

بۆ ئەوەی بتوانین رایەك لەناو جەماوەرێکی دیاریکراودا بچەسپێنین، باشترین شێواز بەکارهێنانی شێوازی دووبارەکردنەوەو بەدوداچوونە. ئەم شێوازە بەزۆری لەلایەن دەزگای پڕوپاگەندەی نازیەکانەوە کە "گۆبلز" بەڕێوەی دەبرد بەکارهاتوە. هەروەها دەزگای راگەیاندنی بەعس کە لەعێراقدا بە (لەشکری هەشتەم) ناوی دەرکردبوو لەکاتی شەڕی عێراق ئێرانو تەنانەت شەڕی یەکەمو دووەمی لەگەڵ هاوپەیمانانـدا لەئەنجامی دووبارەکردنەوەی وێنەکانی جەنگ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانو چاوپێکەوتن لەگەڵ دیلەکانو پیشاندانی ئەو چەكو ئامێرانەی کەدەسکەوتی شەڕبون، توانیبوی رای گشتی عێراقیەکان بەشێوەیەك چەواشەبکات  کە مایەی سەرسوڕمان بوو.

جگەلەوە کەناڵە بیستراو ونوسراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری عێراق، شەووڕۆژ توانایەکی بێ سنوریان خەرج دەکرد بۆ پیاداهەڵدان بەکەسایەتی سەدام حسێنو دەرخستنی توانا فکریو سەربازیو ئەندازیاریو پەروەردەییو... تەنانەت جەستەییەکانی ئەو پیاوە. بۆ ئەو مەبەستە کەڵکیان لەهونەری گۆرانیو مۆسیقاو سینەماو ئەدەبیاتو ژانرەکانی رۆژنامەوانی وەردەگرت. لەماوەی ساڵانی 1979 تا 2003، ئەو پیاوە لادێیە هەژارە ناشارەزایەی تێکرای بوارەکان، لەلای رای گشتی عەرەبی عێراقدا ببوە مەزنترینو شارەزاترینو عاقڵترینو بەجەرگترین پیاوی مێژوو.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو پڕوپاگەندانەی دەزگاکانی بەعس، هەمان ئەو کاریگەریەیان نەبوو کورد وەك ئەوەی لەسەر عەرەبی عێراقیدا هەیبوو، بەرای من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەزگای راگەیاندنی کوردی کەپێچەوانەی ئەوانەی بەعس بڵاودەکردەوە. هۆکارێکی تر ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی متمانەی کورد بەو کەناڵانەی رژێمی بەعس.کاریگەری پڕوپاگەندەکانی بەعس لێدوانەکانی محمد سعید سەحاف (علوج)و گەورکردنی سەدام حسێنو  سوپاکەی سنوری عێراقی بڕیبوو، زۆربەی گەلانی عەرەبو تەنانەت هەندێ لەوڵاتی ئیسلامیش لەژێر ئەو کاریگەریەدا پیان وابوو نەسەدام حسین لەشەڕەکاندا تێك دەشکێو نە سوپاکەی سەنگەرەکانی بەرگری بەجێدێڵێ، بەڵام روداوەکانی 2003/4/9و 2004/12/13 کەتێدا بەغدای پاتەخت بەبێ شەڕ گیراو سەدام حسین لەکونێکدا دەرهێنرا ئەوانی توشی شوك کرد، بەجۆرێك تاماوەیەك باوەڕیان بەو رووداوانە نەبوو.

### دووەم/ شێوازی بەکارهێنانی وروژاندنی هەستو سۆز:

بەشێوەیەکی گشتی پروپاگەندە لەپەیامەکانیدا پشت بەوروژاندنی هەستو سۆز دەبەستێ، لایەنگرانی ئەم  شێوازە پێیان وایە زۆربەی هەڵوێستو بڕیارەکانی جەماوەر دەرهاویشتەی ئەو کاریگەریە عاتیفانەیە کەلەسەریانە. هەربۆیە زۆر لەوانەی کەدەیانەوێ کار لەرای گشتی چینێك یان گەلێك بکەن، لە وروژاندنی هەستو سۆزیانەوە دەست پێدەکەن.

زانایـانی کۆمەڵناسـی لـەوباوەڕەدان تـاك کاتێـك لەگرووپێکـدا دەتوێتـەوە سـۆزوعاتیفە بەسـەریدا زاڵ دەبێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی لەبیردەکات. هەرلەبەرئەوەیە ئەدۆلف هیتلەر پێی وابو جەماوەر زۆربـەی خەسـڵەتەکانی ژنـی تێدایـەو زیـاتر لەرێگـەی سـۆزەوە کاردانـەوەی دەبـێ نـەك لەرێگـەی عەقڵەوە[18]. ئەگەر لەدیاردەی خۆکوتانی شیعەکان لەکاتی عاشورادا وردبینەوە دەبینین پێش هەرشتێك دەست دەکەن بە(نواح) خوێندن، کەتێدا هاتنی ئیمام حسین لەمەدینـەوە بۆ کوفەو چۆنیەتی گـەمارۆدانی لەلایـەن سـوپای یەزیـدی کـوڕی معاویـەو کوشـتنی بەشـێوەیەکی تراجیـدی بـاس دەکرێـت، ئـەم چیرۆکە سەرەڕای تێپەڕبوونی (1400)ساڵ بەسەریداو سەرەڕای گێڕانەوەی لەهەموو ساڵێکدا، کەچی تاکو ئێستا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە لەهەمو جیهانداو خاڵێکی گرنگە بۆ یەکخستنی رای گشتی شیعەکانی دونیا.

وروژانـدنی هەسـتی سێکسـی یـەکێکی تـرە لەشـێوازەکانی بـەکارهێنانی هەسـت و سـۆز بەتایبـەتی لـەجیهانی عـەرەبی‌دا، لـەم بارەیـەوە دەکـرێ ئیشـارەت بـەو راپۆرتـە بـدەین کـە گۆڤاری (روزا الیوسـف) 1999/9/25 لـەژمارە (3720) بڵاوی کردۆتـەوەو بـاس لـەوە دەکات ژمارەیەکی یـەکجار زۆری گـەنجانی عـەرەب لەمیسـر لەرێگەی‌تەلـەفون کـردن بـۆ کەناڵـە سێکسـیەکان پارەیـەکی زۆر دەخەنـە گیرفـانی ئەمریکیەکانەوە.[19]

لـەرۆژئاوادا لـەم ساڵانەی دوایـدا ئەوانـەی خۆیـان بـۆ پەرلەمانـەکانی وڵاتـەکانیان کاندیـد دەکـەن، بـۆ راکێشـانی دەنگـی هـاوجنس بازەکـان لەبەرنامـەی خۆیانـدا ئـازادی هـاوجنس بـازی دەخەنـە ریـزی پێشـەوە.بەزۆری لەوکۆمەڵگایانەی کەرێژەی نەخوێندەواری و هەژاری تیایدا بەرزە، ئەم شێوازەی تێدا پەیرەو دەکرێ.

## سێیەم/ شێوازی خستنەرووی راستیەکان

کـاری سـەرەکی راگەیانـدن لەخسـتنەرووی راسـتییەکاندا خـۆی بەرجەسـتەدەکات و راگەیانـدن بـەم هـەنگاوە خـۆی لەپروپاگەنـدە جیادەکاتـەوە. ئـەو رای گشـتیەی کەبـەم شـێوازە دروسـت دەبـێ پتـەوترو درێژخایەنتر کاریگەرترە، چونکە دیالۆگ و قەناعەت و زانیاری‌یەوە پێك هاتووەو دووربووەلە فرت و فێڵ و درۆ دەلەسە.

لێرەدا دەکرێ وەك نمونـە بـاس لـەو هەواڵانەبکـەین کەلەشۆڕشـی گـەلی کوردسـتاندا لەلایـەن دەزگـای راگەیاندنی شۆڕشەوە لەسەر چالاکی هێزی پێشمەرگەوە لەرادیۆدا بڵاودەکرایـەوە، ژمارەی شـەهیدەکان و زیانەکانی لایەنی بەرامبەر وەك خـۆی چـۆن هـەبوو دەخرایـە روو، ئەمـەش ببـوە مایـەی متمانـەی زۆربـەی خەڵك.

## چوارەم/ شێوازی بەلادابردنی سەرنجی جەماوەر:

لەحاڵەتێکـدا ئەگـەر رای گشـتی لـەدەوری بابەتێکـدا کۆببێتـەوە، بـۆ بـەلادابردنی ئـەو رایـە زۆر جـار سیاسـەتمەداران و حکومەتـەکان و کەناڵـەکانی راگەیانـدن هەڵدەسـتن بـە وروژانـدنی بابـەتێکی تـر کەگرنگیەکەی یان زیاترە یاخود هیچی لەبابەتەکەی تر کەمتر نییە.لەکۆتاییدا دەکرێ باس لەچەندین شێوازی تر بکـەین کەلەڕێگەیانـەوە رای گشـتی پـێ دەگوترێ وەك شـێوازی خولقانـدنی قەیران، شـێوازی

---

[18]-- د.عا ف عدلي العبد ، الرا العام و رق قياسه ل66

[19]- هەمان سەرچاوە ل67

بەرنامەی پۆزەتیفی سنوردار شێوازی نانەوەی ترس و ئاژاوەو شێوازی بەکارهێنانی واتەوات. بەڵام ئەو چوارشێوازەی کەتارادەیەك بەوردی باسمان لێوەکردن زۆرترین بەکارهێنانیان هەیەو کاریگەرییەکەشیان تارادەیەکی زۆر بەرچاوترە.لەگەڵ ئەوەشدا نابێ چاو لەو حەقیقەتە بپۆشین کەوا هەر کۆمەڵگایەك هەر ئەو شێوازە پێش هەر بەرنامەیە دانانێك بۆ گۆڕان.

* * *

## بەشی پێنجەم

# شێوازەکانی پێوانەکردنی ڕای گشتی

سەرەتای گرنگی دان بەپێوانەکردنی رای گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1824، لەو سەردەمەدا رۆژنامەکان زیاتر گرنگیان بە بواری بازرگانی و بازاڕ دەدا، لەرێگەی ئەنجام دانی هەندێ راوەرگرتنەوە، رای گشتی یان سەبارەت بەو بوارەو خواستو ویستی خەڵكو رایان سەبارەت بەکاڵاکان وەردەگرت.بەڵام ئەم شێوازانە وردبینی و راستگۆیی تەواویان تێدا نەبوو، نەدەکرا وەك رای گشتی تەماشایان بکرێت.

بەهۆی ئاڵۆزی و چوونە ناویەکی بەرژەوەندییەکانی حزب و رەوتە سیاسی و ئابوریەکانەوە پیوانەکردنی رای گشتی لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بووەتە کارێکی تارادەیەك سەختو دژوار. ئەمەش بوە هۆی بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو بۆ زانینی رای گشتی سەبارەت بەو کێشەورووداوانەی کە رووبەڕوی کۆمەڵگاکان دەبنەوە. چونکە حکومەتەکان بەبێ زانینی ئاستی رای گشتی خەڵکەکانیان، ناتوانن پلانی راستو دروست دابڕێژن.

ئەمریکیەکان پێش هەموو وڵاتەکان کەوتنو لەساڵی 1936 پەیمانگایەکی تایبەتیان بۆ زانینی رای گشتی وڵاتەکەیان دامەزراند بەناوی "پەیمانگی گالوپ" بۆ پێوانەکردنی رای گشتی، وەك وتمان پێشتر پێوانەکردنی رای گشتی زیاتر بۆ زانینی رای خەڵکی بوو سەبارت بەکاڵاو بەرهەمەکانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، بەڵام پاشتر زانینی رای گشتی سەبارەت بە کێشە سیاسیەکان لەریزی پێشەوەی مەسەلەکان دەهاتە ژماردن. سەرکەوتنی ئەزموونی ئەمریکیەکان بووە سەرمەشق بۆ زۆر لەو وڵاتانەی کە زانینی رای گشتی هاووڵاتیانی خۆیانیان لامەبەست بوو. بۆیە پاش ئەمریکا، دەیان پەیمانگاو سەنتەری جیاجیا لەئەوروپا و ئەمریکای باکوردا دروست کران و کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەبواری پێوانەکردنی رای گشتیدا دەرکەوتنو دەیان لێکۆڵینەوەو بابەتی زیندوش سەبارەت بەو مەسەلەیە بلاوکرایەوە.شارەزایانی پێوانەکردنی رای گشتی سێ شێوازیان بۆ پێوانەکردنی رای گشتی" داناوە کەلێرەدا بەکورتی باس لە هەرسێ شێوازەکە دەکەین:

## یەکەم: راپرسی

بەو حوکمەی کەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگیەکی زۆر دەدرێ بە بەشداری سیاسی خەڵك لەهەڵبژاردنەکاندا، بەلای دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەت چاپەمەنیەکانەوە زانینی رای خەڵك سەبارەت بەرووداو کەسایەتی و حزبە سیاسیەکان ببوە مەسەلەیەکی جێگەی بایەخ، هەربۆیە ئەم شێوازە لەو وڵاتەدا سەری هەڵدا. بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریدا. راپرسی بۆخۆی شێوازێکی هاوچەرخە کەلەرێگەیەوە دەکرێت ئاراستەی رای گشتی سەبارەت بەکێشە گشتییەکان بزانرێت.

پرۆسەی ئەنجامدانی راپرسی جیاوازە لەریفراندۆم، چونکە ریفراندۆم پرۆسەیەکی گشتگیرترەو ماوەکەشی دورخایەنە. بەڵام دەکرێ راپرسی هەرچەندە رۆژێك جارێك ئەنجام بدرێت ئەویش لەرێگەی دیاریکردنی کۆمەڵە خەڵكێكو ئاراستەکردنی چەندین پرسیار سەبارەت بەکێشەیەکی گشتی کەدەمانەوێ رای خەڵکی لەبارەوە بزانین. ئەوپرسیارانەی کەدادەنرێت دەبێ زۆر بەوردی دابڕێژرێنو پاشان وەڵامەکان راڤە دەکرێن.

لیستی پرسیارەکان لەوانەیە راستەوخۆ بدرێت بەجێگەکەیان لەرێگەی پۆستەوە بۆیان رەوانە بکرێت. یان دەکرێ لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بخرێتە بەردەستی میوانەکانی تۆڕی جیهانی. هەروەها دەکرێ پرسیارەکان لەرادیۆ یان T.V یان رۆژنامەکاندا ئاراستەی خەڵك بکرێن. بۆ وەرگرتنی ئەنجامی

**راپرسـیـەکەش کۆمەڵـە کەسـانێکی پسـپۆڕ هەڵدەسـتن بـەوەرگرتنی زانیاریـەکان و پاشـان بڵاوکردنـەیان بەشێوەی ئامار یان (هێڵی بەیانی) یان شێوەی تر.**

**ئەولایەنە باشانە کەدەکرێ لەم شێوازەدا ئیشارەتی پێ بدەین بریتین لە:**

**1–وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەخێراترین کاتدا.**

**2–ئاسانی بەکارهێنانی و پێدانی مۆڵەت بەدەنگدەران تاکو لەکاتی رادانەکەیاندا بیربکەنەوە.**

**3–کەمی خەرجی تێچوون.**

**4–ئاسانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی و دەرخستنی دەرئەنجامەکەی.**

**بەڵام ئەمە بەومانایە نییە کەئەم شێوازە کەمو کوڕی تێدانیە، بەڵکو دەکرێ بەکورتی باسی هەندێ لەکەمو کوڕییەکانی شێوازی راپرسی بکەین:**

**1–ئەم شێوازە زیاتر رای شەخسی وەردەگرێ نەك رای گشتی، چونکە بەجیاو بەتاك تاك پرسیار لەخـەڵك دەکـات، زانایـانی دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی پێیـان وایـە مـرۆڤ کاتێـك لـەناو گروپێکدایـە بیروبرچونەکانی جیایە لەوەی بەتاكو تەنیایە.**

**2–بەکارهێنانی ئەم شێوازە تەنیا خوێنەوارانن و مەرجی سەرەکی خوێندنەوەو نوسینە.**

**3–تەنیا لەولاتە پێشکەوتوەکاندا ئەم شێوازە سەرکەوتو دەبێت، بەڵام لەولاتـە دواکەوتووەکانـدا تـرس لەحکومـەت و دەزگاکـانی ئەوانـە ناچـار دەکـات بەدروسـتی وەڵام نەدەنـەوە یـان خۆیـان لەهەنـدێ پرسـیار بدزنەوە.**

**4–هـیچ گرنتییـەك نییـە بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی رایـان وەرگیراوە جـارێکی تـر پرسـیارەکانیان ناخرێتـەوە بەردەست.**[20]

**پرۆسـەی ئامـادەکردنی راپرسـی لـەکاتی پێوانـەکردنی رای گشـتی‌دا بەشـەش قۆنـاغی سـەرەکی‌دا تێپەڕدەبێ:**

**1–دانانی پلانی گشتی.**

**2–تەسمیم کردنی لیستی پرسیارەکان**

**3–دەستنیشانکردنی ئەوانەی رایان وەردەگیرێت.**

**5–شیکردنەوەی زانیاری و وەڵامەکان.**

**6–ئامادەکردنی راپۆرتێکی تەواو لەسەر دەرئەنجامەکان.**[21]

**هەرچەندە هەموو قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆسەی راپرسی گرنگن، بەڵام دەستنیشانکردنی ئەوانەی دەنگیان وەردەگیرێ لەهـەموو قۆناغـەکان گـرنگترو سـەختره، چونکە دەرئەنجامی پێوانەکردنەکـەی لەسـەر کۆدەبێتەوە، ئێمە دەزانین ناتوانین لەیەك کاتدا دەنگی تەواوی کۆمەڵگا وەرگرین، بۆیە ناچارین (عینە)یان لێ هەڵبژێرین بەجۆرێك نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگاکە بکات. لەو پێناوەشدا ئاستی رۆشنبیری و تەمەن و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون و جۆری کارەکەی‌دەبێ رەچاو بکرێت.**

---

20-د.حميدة سميسم، ذ رية الر العام مدخل، ل304

2- هەمان سەرضاوة ل306

## دووەم: روپێوکردن

بۆئەوەی رای گشتی ئاشکراو نهێنی بزانرێت، باشترین شێواز بۆ پێوانەکردنی رای گشتی شێوازی روپێوکردنە. ئێمە دەزانین زۆر کەس هەن بەهەر هۆیەك بێت نایانەوێ رای خۆیان سەبارەت بەمەسەلە جیاجیاکان بەئاشکرایی دەربڕن، لەم حاڵەتەدا بۆ زانینی بڕوای ئەو خەڵکانەو خەڵکانی تر پەنا دەبرێتە بەرشێوازی روپێوکردن ئەویش لە دوو رێگەوەبێت.

ا– رێگەی تێبینی کردن: زیاتر لەلێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکاندا بەکاردێت. ئەو لایەنەی کەدەیەوێ پێوانەی رای خەڵك بکات، هەڵدەستێ بە کوڵ گرتن و چاودێری کردنی هەڵوێست و قسەوباسی ئەو کەسانەی کەبە شێوەیەك لەشێوەکان هەڵدەستن بەدەربڕینی بیروڕاکانیان. ئەنجا ئەو قسەوباس و هەڵوێستانە تۆمار دەکات.. یەکێك لەوخاڵە گرنگانەی کەدەبێ لەم شێوازەدا لەبەرچاو بگیرێت بریتیە لەوەی کەدەبێ چاودێرکەر یان تێبینیکەر شارەزاو پسپۆربێت لەو خەڵکەی کە کاری تێدا دەکات ساڵی 1993 بۆ یەکەمجار لەلایەن (تۆم هاریسون و شارل مادگ) ئەم شێوازە بەکارهات و گروپێکیان دروست کرد بەناوی گروپی تێبینی کردنی کۆمەڵایەتی لەبەریتانیا.ئەم شێوازی پێوانەکردنەی رای گشتی زیاتر لە ولاتە رۆژهەڵاتی و تازە پێگەیشتووەکاندا بەکار دێت، چونکە هاولاتیانی ئەو ولاتانە ناوێرن بەئاشکرا هەڵوێست و بیروڕاکانیان دەربڕن هۆکارێکی تری بەکارهێنانی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ رێژەی بەرزی نەخوێندەواری لەناو ئەو ولاتانەدا.

ب/رێگەی چاوپێکەوتن: ئەم شێوازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری رای گشتی سەبارەت بە پروپاگەندەو پەیوەندی ئابوری و بازاڕ، بەکاردێت.چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە زۆرجار لەکاتێکی دیاریکراودا لێکۆڵەوەرێك هەڵدەستێ بەسازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵك بۆ وەرگرتنی بیروڕایان سەبارەت بەباتێکی تایبەت.

گرنگترین خاڵ کەدەبێ لەم شێوازەدا رەچاوبکرێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەلێکۆڵەرەوە دەبێ جێگەی باوەڕی ئەو خەڵکەبێت کەچاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازدەکات و لە هەمانکاتدا دەبێ ئاگاداری باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوریان بێت. هەروەها دەبێ کاتی پێویست بدرێتە ئەو کەسانە،تاکو بیربکەنەوەو وەلامی راست و دروست بدەنەوە، دواکەوتوویی هۆیەکانی راگەیاندن یەکێکە لەهۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم شێوازە.

## سێیەم: شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆك

زۆربەی ولاتانی جیهان پێویستیان بەزانینی رای گشتی ولاتانی تر بەتایبەت ولاتانی دەرودراوسێ هەیە بۆئەوەی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان بەپێی ئەو زانیاریانەی کەپێیان دەگات داڕێژن. بۆ زانینی رای گشتی ئەو ولاتانەش باشترین شێواز کەدەبێ بگیرێتەبەر بریتیە لەشیکردنەوەو راڤەکردنی ئەو بابەتانەی کەلەو چاپەمەنی و ئێزگەو تەلەفزیۆن و سایتی ئینتەرنێتدا بلاودەبێتەوە کەتەعبیر لەرای جەماوەرو حکومەت دەکات.

دەستنیشانکردنی وشەو برگەو رستەکانی ئەو پەیامانەی کەلەو کەنالانەدا بلاودەکرێنەوە پاشان لێکۆڵینەوەو راڤەکردنیان دەبێتەهۆی زانینی ئاراستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو ولاتە، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە لەکەناڵەکانی راگەیاندندا زیاتر بەکاردێت، بۆیە وادەخوازێ کارمەندانی ئەو کەنالانە زیرەك و شارەزابن لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکاندا.

لەشیکردنەوەی ناوەڕۆکدا دوو قوتابخانەی سەرەکی هەن:

1-**قوتابخانەی ئەمریکی**: کەگرنگی بەلایەنی ڕێژەی ژمارە دەدات لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکداو نەك هەر لایەنە شکلیەکانی پەیوندی گرتن بەڵکو بابەتی پەیوەندی کردنەکەش لەبەر چاودەگرێ.خاوەنی ئەم قوتابخانەیە زانای بواری پەیوەندی بەستن "هارولد لاسویل"ە.

2-**قوتابخانەی فەرەنسی**: کەلایەنی چۆنایەتی لەبەرچاو دەگرێ، ئەم قوتابخانەیە وردبین ترو ڕونتر ناوەڕۆکی پەیامەکان دەخاتە ڕوو.

لەراستیدا دەست نیشانکردنی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ "شیکردنەوەیناوەڕۆك" کارێکی ئاسان نیە، بەڵام زۆربەی شارەزایان بۆ دەربازبون لەم کێشەیە هەڵساون بەخستنەروی چەمکی هەردوو وشەی (شیکردنەوە)و (ناوەڕۆك).

-شیکردنەوە (Analysis) بریتیە لەپرۆسەی شیکردنەوەی دیاردەکان لە ڕێگەی شیتەڵ کردنەوەی رەگەزەکان لەیەکترو خستنەرووی خەسڵەتەکانی ئەو رەگەزانە.

-ناوەڕۆك (Content) لەزانستی پەیوەندی کردندا بریتیە لەهەموو ئەو شتانەی کەدەوترێت یان دەنوسرێن بۆ دروستکردنی پەیوەندی.ناوەڕۆك بریتیە لەکۆمەڵێ هێمای زمانەوانی کەرێکخراوە وبوەتە شێوەیەك لەشێوەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤێك و لەئەوانی تری جیادەکاتەوە.

سەبارەت بەجۆرەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان دەیکەن بەسێ بەشەوە.

1-شیکردنەوەی بڕی

2- شیکردنەوەی جۆرایەتی

3- شیکردنەوەی چۆنایەتی.

بەڵام بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك پسپۆڕان پێنج هەنگاویان دەستنیشانکردوە:

1-دیاریکردنی چەمکەکان و گریمانە پراکتیکیەکان.

2-دیاریکردنی عەینە (Simpil)

3-دەستنیشانکردنی یەکەکانی شیکردنەوەو بەشەکانی.

4-پێوانەکردنی جێگیری شیکردنەوە.

5-شیکردنەوەی ئاماریو راڤەکردنی دەرئەنجامەکانیان.[22]

وەك لەسەرەتادا وتمان شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك زیاتر لەکاتی پێوانەکردنی رای گشتی وڵاتانی تر یان رای گشتی نێودەوڵەتی بەکاردێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وڵاتان ڕێگە نادەن لەوڵاتێکی ترەوە بێن بۆ پێوانەکردنی رای گشتی هاوڵاتیانیان، چونکە بەمەترسی دەزانن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان.

* * *

22-د. حميدة سميسم ، ن رية الرا العام (مدخل) ل328

## فەسڵی دووەم

# ڕاگەیاندن

# بەشی یەکەم

# مێژوو وپێناسەی راگەیاندن

# پێشەکی

جیهانی ئەمڕۆ بەوە لە جیهانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە کە تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتوە بوار نەماوە لە ژیانی مرۆڤدا سودی لێ نەبینیبێت.بە جۆرێك دەکرێ بڵێن مرۆڤی سەرەتای هەزارەی سێیەم ئالودەی تەکنەلۆژیا بوەو وبە بێ ئەو ژیانی دەبێتە جەهەنەم وتەحەمول ناکرێت.

ئەگەر لە دەسپێکی داهێنانەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا, هەموو ئامێرەکان قورس وئاڵۆز وپڕخەرج وگران بوبێتن تەنیا دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکان دەستیان پێگەیشتبێ, ئەوا تەکنەلۆژیای مۆدێرن ساکارو سوك وهەرزانەو هەموو کەسێك دەوڵەمەندو هەژار, زاناو نەخوێندەوار,لادێی وشاری بە ئاسانی دەستیان پێ دەگات و بەکاری دەهێنن وسود لە خزمەتگوزارییەکانی دەبینن.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو ونوسراو وبیستراویەوە لە هەموو بوارێکی تری ژیان زیاتر کەوتوەتە ژێر کاریگەری پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاوە, بگرە بۆ خۆی بەشێکی هەرە گرنگی بە ناوی (تەکنەلۆژیای ڕایگەیاندن) بەناوەوە تۆماکراوە.تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن مەودا وسنور وکات وشوێن ونرخ قەبارە وفۆرمی پەیامەکانی ڕاگەیاندنی بە شێوەیەك کورت وخێرا وهەرزان وگەورە وجوان کردوەتەوە, لە تەسەوری هیچ مرۆڤێکی سەدەکانی ڕابوردودا نەبوە.

ئەم ئامێرە بچوك و ساکارانە مرۆڤیان وا لێکردوە لە ماڵەکەیەوە یان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە یاخود لە شوێنی کارەکەیەوە, هەرکاتێك مەیل بکات دەستی بگات بە زۆرترین زانیاری لە دورترین شوێنەوە. لەوە زیاتر زۆرجار مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە بارانی ئەو پەیامانە دەرباز بکات, کەبێ ویستی خۆی بە سەریا دەبارێ.

بە واتایەکی تر, مرۆڤی جیهانی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن, بە هیچ شێوەیەك بۆی ناکرێ سانسۆر لە سەر ئەو پەیامانەی کە پێیدەگات دابنێ. یانی, ئەو پەیامانە ڕاستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر ئاراستە کردنی هەڵسوکەوت وشێوازی بیرکردنەوەو بەستنی پەیوەندییە هەمە چەشنەکانی مرۆڤ دەبێت.

لە کۆندا و ئێستاشی لە گەڵدا بێت, ئامانجی سەرەکی زۆربەی ئەوانەی کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە پەیام ئاراستەی پەیام وەرگرەکانیان دەکەن لە سێ خاڵدا کۆ دەبێتەوە:

- *چاندنی بیروڕایەکی تایبەت.*
- *سڕینەوەی بیروڕایەکی تایبەت.*
- *یان پتەوکردنی بیروڕایەکی تایبەت کە پێشتر لای خەڵکدا هەبوە.*

لێرەدا دەکرێ بڵێن پەیام لە پرۆسەی پەیوەندی کردن لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەندە بەو سیستەمەی کە کەناڵەکە بەڕێوەدەبات، بە واتایەکی ڕونتر لە سیستەمی وڵاتە کۆمەنیستی و عەقائیدیە ئیسلامی و تۆتالیتارەکاندا هەمیشە پەیامەکان لە هەوڵی ئەوەدان زهنیەتی خەڵك بەو ئاراستەدا ببەن کە خزمەتی تویژی دەسەڵات دار بکات , لەو پێناوەشدا سڵ لەشێواندن و شاردنەوەی ڕاستیەکان ولە خشتە بردنی پەیام وەگرەکان ناکەنەوە .لە سیستەمی ئازاددا ئاراستە کردنەکە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵکانی سەرمایەدار و خاوەن دەسەڵاتی ئابوریدایە گەرچی زۆر لە ڕاستیەکان دەخرێتە ڕوو, بەڵام زۆ جار ناڕاستیەکان بە شێوەیەك باس دەکرێن کە چەواشەکاری تیدایەو بەژەوەندیە باڵاکان لە بەرچاو ناگیرێن،

بەلاَم لە سیستەمی بەرژەوەندی کۆمەلاَیەتی ئەو پەیامانەی کە پەخش دەکرێن لە پالْ هێنانی شتی نویْ و مودێرن ڕێز بۆ نەریت وبیروبۆچونە بە کەلْکەکانی کۆمەلْ دادەنرێت.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەری کەنالْەکانی ڕاگەیاندن لە سەر بیرکردنەوەو هەلْوێست ڕەفتاری جەماوەر بە تایبەت لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا هێندە زۆرە کە بە چەندین لێکۆلْینەوە کۆتایە نایەت. ئێستا مرۆڤ دیل وکونترۆلْکراوی ئەو کەنالْە هەجۆروهەمەرەنگانەیە کە بەسات ناتوانیْ خۆی لە پەیامەکانی بە دور بگریْ، ناتوانیْ بۆ چەند سەعاتێك بەبیْ دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ژیان بەسەر ببات.[23]

ئەوە کەنالْەکانی ڕاگەیاندنە شێوەو مۆدیلی جل وبەرگ و دیکۆری ناومالْ ومۆدیلی سەیارەو پرچ تاشین تەنانەت ئەتەکێتی هەلْسوکەوتکردنی مرۆڤ دیاری دەکات. هەر کەنالْەکانی ڕاگەیاندنە کە دەتوانیْ هەست وسۆزی ملیونەها مرۆڤی دور لە یەك یەکخات وبیانهێنێتە سەر شەقامەکان.هەر لە بەر ئەمەیە زۆربەی ولاَتان و تەنانەت کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان لە هەولْی ئەوەدان بە شێوەیەك لە شێوەکان کەنالێکی ڕاگەیاندنیان هەبێت بۆ نزیك بونەوە لە خەلْك لەو پێناوەشدا بوجەیەکی خەیالْیخەرج دەکەن ,لە هەمانکاتدا سەرمایەیەکی زۆریشیان دەست دەکەویْ.

ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەلْنەگرە کە پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن کۆمەلْگای مرۆڤایەتیان لە قۆناغی پیشەسازییەوە گواستەوە بۆ قۆناغی شۆرشی زانیارییەکان، ئەم قۆناغ گۆڕینەش واتا گۆڕان لە هەموو وردودرشتەکانی ژیانی تاك وکۆمەلْگاکان. نە حکومەتەکانی ئەم قۆناغە لەحکومەتەکانی قۆناغەکانی پێشوو دەچن، ونە تاك و کۆمەلْگاکانی ئێستا وەك ئەوانی جاران بیردەکەنەوە و هەلْسوکەوت دەکەن.

پێش ئەوەی باس لە کەنالْەکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە،ڕادیۆ، تەلەفزیون, ئینتەرنێت) بکەین وکاریگەری هەریەکەیان لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی بخەینە ڕوو، بەپێویستی دەزانم بە خێرایی چاوێك بەمێژووی ڕاگەیاندا بخشێنین.

## ڕاگەیاندن لەمێژوودا

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کەچینیو ڕۆمانیەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەلْکانی سنوری قەلْەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەیان هەندیْ نوسراویان لەشوێنە گشتیەکاندا هەلْواسیوەو لەڕێگەی ئەو نوسراوانەوە هەوالْە سیاسیو ئابوریو تەنانەت کۆمەلاَیەتیەکانیان پیْ ڕاگەیاندون.

بەم کارەش جۆرێك لە ڕاگەیاندنیان بۆ خۆیان داهێنا کردوە. بەلاَم هەندیْ وای بۆ دەچن یەکەمین بەرخوردی مرۆڤ لە گەلْ مرۆڤێکی تردا بۆ خۆی سەرەتایی ترین وساناترین جۆری ڕاگەیاندنەو هەر ئەم بەرخوردو پەیوەندیەشە بوەتە بناغە بۆ ئەم پێشکەوتنە بەربلاَوەی ئێستا.

بەلاَم لەسالْی 1445 بەملاوە، داهێنانە مەزنەکەی گۆتەنبەرگی ئەلْمانی واتە دۆزینەوەی چاپخانە، شۆڕشێکی گەورەی لە ڕاگەیاندا دروست کرد.

چاپخانە بوە هۆی هاتنە ئارای دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبو بەهەزاران ژمارەیان کەوتە بەردەستی خوێنەران. دۆزینەوەی چاپخانە نەك هەر تیراژی چاپەمنیەکانی زۆرتر کرد، بەلْکو نرخەکانیشی

---

[23]– ثروت ابو سليمان ،الاعلام الدولي.. والتغير الثقافي– .www.bab.com

بەشێوەیەك دابەزاند تاكو هەژارانیش كەڵكی لیٚ وەرگرن و بكەونە ژێر كاریگەریەكانیەوە.كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم داهێنانەكانی وەك فۆتۆگراف، سینەما، ئیزگە برەوێكی زۆریان بەكاری راگەیانداو قەبارەی ئەوانەی پەیامیان لەراگەیاندن وەردەگرت بەدەیان جار زیاتر بوون.

داهێنانی تەلەفزیۆن لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم شێوازی راگەیاندنی لەریشەوە گۆڕیو دەنگ و رەنگ پێكەوە لەرێگەی سندوقێكی بچكۆلانەوە خۆی كرد بەماڵەكاندا. كۆتایی سەدەی رابردووش مەزنترین تەكنەلۆژیای راگەیاندنی پێشكەش بەمرۆڤایەتی كردو سەتەلایت و ئینتەرنێت دونیایان كرد بە (چاوە چۆلەكەیەك).

بەپێی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتیەی كەراگەیاندن لەم چەرخەدا لەئەستۆیدایە بەتەنیا كەرەستەیەك نییە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و كات بەسەربردن. بەڵكو بوەتە هونەرێكی ئاڵۆزو وردو لەرێگەی تەكنەلۆژیای نوێ و توانای مادی و مرۆیی لەبن نەهاتووەو باڵادەستی و هێزی دەزگا زەبەلاحەكان دەردەخات.[24]

## پێناسەكانی راگەیاندن

وشەی راگەیاندن لەلای كورد لە بەرامبە (اعلام) عەرەبی و (press)ی ئینگلیزی بەكار هاتوە.لە رووی زمانەوانیەوە ( راگەیاندن )لە زمانی كوردیدا لە بنەڕەتەوە لە دوو پێشگری( پیٚ+را ) لە گەڵ چاوگی ( گەیاندن) پێكهاتوە ,مەبەست پێی ( پێراگەیاندن )ی بەرامبەر( وەرگر)ە بە راو بیرو زانیاری وهەواڵێك كە لای وەرگر نامۆیە,بە مەبەستی ئاگادار كردنەوەی وەرگر بەو بیروڕاو زانیاری وهەوالأنەو,وابەستەكردنی وەرگر بەو دۆخەی كە نێرەر تیایدا دەستەواژەو رستەكان دەردەبڕێت[25]

پسپۆڕانی بواری راگەیاندن چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ چەمكی راگەیاندن داڕشتووە دووپێناسەی گشتگیر دەخەینە روو:

"راگەیاندن برتییە لە بلاوكردنەوەی بیروباوەرو هەواڵ لەناوخەڵكدا لەرێگەی چەند كەناڵێكەوە لەپێناوی لیٚ حاڵی بوون و قەناعەت پێهێنان و راكێشانی لایەنگری"

ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر ئەم خالأنە دەكاتەوە:

1–بلاوكردنەوەی بیروباوەڕ و هەواڵ (پەیام)

2–ئەو هەواڵ و باوەڕانە بۆ كۆمەڵیٚ خەڵكە واتە (پەیام وەرگر)

3–لەرێگەی چەند كەناڵێكەوە (بینراو، بیستراو، نوسراو).

4–بۆلێك حاڵی بوون و قەناعەت پێهێنان (كاریگەری بەجێهێشتن).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم پێناسەیەدا راستەوخۆ ئیشارەت بۆ پەیامنێر نەكراوە، كەرەگەزێكی سەرەكییە لەپرۆسەی راگەیاندن.

بۆ ئەوەی لەناو پێناسە جیاوازەكاندا تووشی وون بوون و سەرلێشێواوی نەبین لێرەدا پێناسەیەكی تاڕادەیەك لەوانیتر گشتگیرتردەخەینە ڕوو:

---

24– د.عماد محمد حسين الهلالي ' التخطيط والتخطيط الاعلامى ل64

25 , هة الَ ئةبوبة ر، را ةياندن ورا ةياندن ورد ل15

"راگەیاندن بریتییە لەو چالاکی پەیوەندیکردنەی کە دەبێتەهۆی گەیاندنی هەواڵو زانیاری دروست لەبارەی بابەتو کێشەکان بەجەماوەر.ئەوەش دەبێتەهۆی دروست کردنی شارەزاییو هۆشیاری پەیام وەرگرەکان بەمەش رای گشتی پەیام وەرگرەکان سەبارەت بەو کێشەو بابەتانە دروست دەبێت".

ئەم پێناسەیە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە نزیکەو ئەم چەند خاڵەی تێدا بەرجەستەبووە:

1-چالاکیەکی پەیوەندیکردنە.

2-هەواڵو زانیاری (دروست) لەسەرکێشەو بابەتەکان دەدات بەپەیام وەرگر.

3-ئاستی هۆشیاریو زانیاریو شارەزایی پەیام وەرگر بەرزدەکاتەوە.

4-بەم کارەش رای گشتی دروست دەبێت.

* * *

## بەشی دووەم

# ئەرك وپرەنسیب و سیستەمەكانی راگەیاندن

# ئەرکەکانی راگەیاندن

ئاشکرایە کاری راگەیاندن کارێکی هەم جەماوەری و هەمیش تاکەکەسە. واتە بەشداریکردن لەپرۆسەی راگەیاندندا بێ سنورو چوارچێوەیە، تەوژمی شۆڕشی زانیارییەکانیش رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی بەشداریکەران بەرفراوانتردەکات ئەرکەکانیش زیاترو زیاتر دەکات. لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەرکە سەرکیەکانی کاری راگەیاندنی هاوچەرخ لەچەند خاڵێکدا دەست نیشان بکەین:

1-ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و پەیام و بیروڕاو لێدوانە رەسمی و نارەسمیەکان بە وەرگر(جەماوەر)، بۆ ئەوەی بە شارەزاییەوە هەڵوێست و بڕیار لەسەر رووداوو کارەساتە ژینگەیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان بدات پێویستی بەوەهەیە لەماوەیەکی کەمدا ئاگای لە هەموو هەواڵە ناوخۆیی و جیهانیەکان هەبێت.

2-ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی: مرۆڤی هاوچەرخ چیدی وەك جاران تەریك و دابڕاو نییە، بەڵکو رۆژانە دەیان پەیوەندی کۆمەلایەتی لەگەڵ کەسانی تردا دەبەستێ، راگەیاندنەکان لەرێگەی پەیامە مەعریفی و زانستیەکانەوە ئەو کارئاسانیەیان بۆ دەکات تاکو وەك کەسانی کارامەو شارەزا هەڵسوکەوت بکەن.

3-ئەرکی دروستکردنی پاڵنەر: راگەیاندنی هاوچەرخ دەتوانێ لە کۆمەڵگاکاندا ئامانجی نوێ دروست بکات و لەرەوتی پێشکەوتن و داهێنان نزیکمان بکاتەوە، هەروەها دەبێتە هاندەرێك بۆ تاکەکانی کۆمەڵ تاکو ژیانێکی سەربەست و بەکەرامەت و دوور لەپەستان بژین.

4-ئەرکی دیالۆگ و توێژکردن: مرۆڤی ئەم سەردەمە لەگشت کاتەکان زیاتر پێویستی بەوە هەیە دیالۆگی بەبەرهەم لەگەڵ دەوروبەریدا سازبکات و راستییەکان و بیرو راجیاوازەکان ئالۆگۆڕ بکات. سادەترین و خێراترین و ئاسانترین رێگەش کەناڵەکانی راگەیاندنە.

5-ئەرکی پەروەردەو فێرکردن: بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری و کەسایەتی مرۆڤ، راگەیاندن گونجاوترین کەناڵە.

6-ئەرکی پێشخستن و هاوچەرخکردنی کولتورەکان: کەناڵەکانی راگەیاندن لەکۆنەوە تاکو ئێستا ئەرکی گەیاندنی کولتورو داب و نەریتەکانیان لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر لەئەستۆدابووە هەروەها شۆڕشی پیشەسازی دەتوانێ ئەو کلتورە لوکالیانە لەسەر ئاستی دونیادا پەخش و بلاوبکاتەوەو جۆرێك لەبەجیهانی بوونیان پێ ببەخشێ لەگەڵ زەمانەدا بیانگونجێنێ.

لەراستیدا ئەدەب وهونەر لەهەموو بوارەکانی تر زیاتر کەڵکیان لەکەناڵەکانی راگەیاندن وەرگرتووە تاکو بگەن بەبەربلاوترین پەیام وەرگر.

7-ئەرکی بەسەربردنی کاتی خۆش: بەشی هەرە زۆری کاری راگەیاندن برتییە لەپەخش کردنی دراماو گۆرانی و سەماو هەڵپەڕکێ و موزیکی میللی و جیهانی و وێنە. لەم رێگەیەوە زۆرترین پەیام وەرگر دەتوانن پشوویەك بدەن و کاتێکی خۆش بەسەربەرن و خۆیان لەماندووبوونی کاری رۆژانە رزگاربکەن.[26]

**پرەنسیبەکانی راگەیاندن**

---

[26] - نبيل زكارا ،البعد المعاصر الاتصال والاعلام-/ www.t1t.net

1–ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو ئەو ڕاگەیاندنەیە کەمرۆڤ دەکاتە ئامانجو هەوڵ دەدات لەڕێگەی پەیامەکانیەوە بیروبۆچوونە ڕاستگۆو ڕاستەقینەکان بخاتە بەردەستی پەیام وەگرەکانیو ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ دەستنیشان بکات.

2–ئەو پەیامەی کە ڕاگەیاندن دەبێ ئاراستەی بکات، پێویستە ڕونو ئاشکرا بێتو هیچ ئاڵۆزییەك دروست نەکاتو نەبێتە مایەی سەرلێشێوانی جەماوەر.

3–بۆ دەستەبەرکردنی دڵنیایی جەماوەر، دەبێ پەیامەکانی ڕاگەیاندن دووربێت لەهەواڵ هەڵبەستنو داتاشینی پەیامی چەواشەکاری.

4–پەیامی ڕاگەیاندن بەتەنیا خستنەرووی شتە سەلبیەکان نییە، بەڵکو پێویستە دیوەکەی تریشی ببینێو لایەنە ئیجابیەکانیش بخاتە ڕوو.

5–ڕێزگرتن لەدابو نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگا یەکێکی ترە لەپرەنسیبەکانیکاری ڕاگەیاندن.

6–بۆ ئەوەی پەیامەکانیهاوچەرخێتیو ڕاستگۆییو کاریگەری پێوە دیاربێت، ڕاگەیاندنی هاوچەرخ دەبێ هەلی ئەوە بۆ پەیام وەرگرەکان بڕەخسێنێ بەشداری لە پێکهاتەی پەیامەکاندا بکات.

7–ئەو کاتەی کەپەیامەکانی پەخش دەکات، گونجاوبێت لەگەڵ ئامادەیی خەڵك بۆ وەرگرتنو بەشداریکردن.[27]

## سیستەمەکانی ڕاگەیاندن

سیستەمەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو دەستە:

1–سیستەمی پێشگیرانە. پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵ ڕێگەیان لێ دەگرێ

2–سیستەمیبەدواداچوون.پاش بڵاوبونەوەی هەواڵ بەدوایدا دەچێ.

## سیستەمی پێشگیرانە

لەپاش ئەو دابەشکردنە، دەکرێ سیستەمی پێشگیرانە بۆ دەستەی تر پۆلێن بکەین.

1–سیستەمی ئامرانە.

2–سیستەمی کۆمۆنیستی.

3–سیستەمی پەرەپێدان.

یەکەم/ سیستەمی ئامرانە.

لەم سیستەمەدا پێش بڵاوبونەوە، "هەواڵ" دەبێ بەچەندین کەناڵدا تێپەڕببێتو پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجا پەخش بکرێت. خاوەنداریێتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت دایەو تاك بڕیاری ئەوەڵو ئاخری لەدەستدایە.

لەم سیستەمەدا سانسۆر زۆر بەخەستی بەکار دێت، ڕاگەیاندنەکان ئەگەر هەنگاوێکی دژ بەسیاسەتی ڕەسمی حکومەت هەڵنێن، ئەوا داخستنو زیندانی.. چاوەڕێی سەرپێچی کەران دەکات.

لەم سیستەمەدا دەسەڵات داران هیچ مافێك بەمیدیاکان نادەن بۆ ڕەخنەگرتنولەپێش چاپکردن یان پەخشکردن هەموو بابەتەکان دەبێ زۆر بەوردی چاویان پێدابخشێنرێت.

---

27 –. د مهدي حسن رويلق د. احمد الطامين ،العلاقات العامة، النظرية والاساليب ل93

## دووەم/ سیستەمی کۆمۆنیستی:

لەم سیستەمەدا لەجێگەی تاك، حزب بڕیاردەداو هەر حزبیش هێڵە سەرەکیەکانی کاری میدیاکان دەست نیشاندەکات، هیچ راگەیاندنێکی حزبەکانی تر نابیٚ لەهێڵی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم لابدەن.

لەسیستەمی کۆمەنیستی‌دا سیٚ ئەرکی سەرەکی بۆ میدیاکان دەستنیشان کراوە:

1-پڕوپاگەندە

2-سازکردنی هەڵچوون

3-ئاراستەکردن.

لەڕژێمە کۆمۆنیستەکاندا میدیاکان کەرەستەن بۆ گەشتن بەو ئامانجانەی کەحزب کاری بۆ دەکات. بنەماو تایبەتمەندییەکانی پیشەی رۆژنامەوانی لەسیستەمی سۆسیالیستیدا جیاوازە لەسیستەمەکانی‌تر. هەواڵەکان لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدایە، کوباو کۆریای باکور دوو نمونەی ئەم سیستەمەن.

## سێیەم /سیستەمی پەرە پێدان:

سێیەمین سیستەمی پێشگیرانە بریتیە لەسیستەمی پەرەپێدان، لەم سیستەمەدا کاری راگەیاندنەکان بریتیە لە یارمەتیدانی پەرەپێدانی ئابوریو کارکردن بۆ نەهێشتنی هەژاریو نەخوێندەواریو هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەرووی سیاسیو تەندروستیو کۆمەلایەتیو کولتوریەوە. لایەنگرانی ئەم سیستەمە پێیان وایە تائەو کاتەی ماوەی نێوان ولاتانی هەژارو دەوڵەمەند هەیە ناکریٚ میدیاکان لەدژی بەرژەوەندییە نەتەوەییو کۆمەلایەتیەکاندا بوەستن.

جیاوازی لەنێوان ئەم سیستەمەو ئەوانی تر لەوەدایە، لێرە فکرو ئایدۆلۆژیابالادەستە، خاوەندارێتی کەناڵەکان دەکریٚ بەدەست کەرتی تایبەت بێت، بەلام ئەگەر لەرێگەی پەرەپێدانی ئابوری بەرژەوەندی نەتەوەیی لایاندا، ئەوکات حکومەتەکان دەتوانن چالاکیەکانیان راگرن ،مالیزیاوکۆریای باشور دوونمونەی ئەم سیستەمەن.

## سیستەمی بەدواداچون:

ئەم سیستەمەش دەکریٚ بەدووبەشەوە

### 1-سیستەمی ئازاد:

لێرەدا مرۆڤ ئازادە لەوەرگرتنی زانیاریو هەڵبژاردن. ئەم سیستەمە هەڵقولاوی ئەندێشەکانی (جۆن لوك، ژان ژاك رۆسۆ، ژن ئیستوردو ژان میلتون)ە کاری دەوڵەت لەم سیستەمەدا فەراهەم کردنی خواستەکانی تاکە،حکومەتەکان پولورالیزمو کارئاسانی بۆ خەڵك دەکەن تاکو دەستیان بگات بەو سەرچاوانەی کەکار لەئایندەیان دەکەن.

ئەرکەکانی میدیاکان لەم سیستەمەدا چاودێری کردنی باری کۆمەلایەتیو سیاسی ولاتو رەخساندنی هەلی بەشداریکردنی خەڵك لەکاروباری سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابورییە.رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو ئینتەرنێت لەم سیستەمەدا سەربەخۆو ئازادنو دەتوانن رەخنە لەهەموو شتێك بگرن کەدژ بە پەرژەوەندی جەماوەرە.

جگەلەهێرش کردنە سەر ژیانی تایبەتی خەڵکان و زیانگەیاندن بە ئازادییە گشتییەکان، راگەیاندنەکان دەستیان بەتەواوی کراوەیە، خاوەندارێتی لەم سیستەمەدا لەدەستی کەرتی تایبەتدایە.

2-سیستەمی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی:

سەرهەڵدانی هەندێ رەخنەو گلەیی لەسیستەمی ئازادو بەکارهێنانی ئازادی بەشێوەیەکی هەڵە، کارێکی وایان کرد جارێکی تر بەوسیستەمەدا بچنەوە خاڵە لاوازەکانی دەست نیشانبکەن.

ساڵی 1947 شیگاکۆ راپۆرتێکی سەبارەت بەمیدیاکانی ئەمریکا بڵاوکردەوەو دەریخست هەندێ کۆمپانیاو سەرمایەدار میدیاکانیان کۆنترۆڵ کردووەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن. پاش بڵاوبونەوەی ئەو راپۆرتە حکومەتەکان کەوتنەخۆیان و هەندێ رێوشوێنیان دانا بۆ ئەوەی بتوانن ئەو حاڵەتە کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام خاوەنی میدیاکان ئەمەیان پێ قبوڵ نەکراو خۆیان بڕیاریاندا ناوەندێك بۆ چاودێریکردنی میدیاکان پێك بهێنن تاکو لەکاتی لادان و سەرپێچی کردندا رێگەیان پێ بگرن.[28]

* * *

[28]- www.7 sang.com

# بەشی سێیەم

# کەناڵەکانی راگەیاندن

# رۆژنامە

دەرکەوتنی چاپخانە لە ژێردەستی گۆتنبەرگی ئەڵمانی لە ساڵی1445،هەنگاوی یەکەم بوو بۆ سەرهەڵدانی بە جەماوەری بوونی خوێندن و چاپکردنی رۆژنامەوگوڤار وکتێب بە شێوەیەکی بەربلاو.ئەم داهێنانە نوێیە شێوازو تەرزی ژیانی کۆمەلایەتی وسیاسی ئابوری رۆژئاوای لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕی.هێندەی نەبرد ئەم پێشکەوتنە بە هەموو دونیادا بلاو بووەوە.

سەدەی نۆزدەیەم بە سەرەتای راستەقینەی دەرکەوتنیرۆژنامەوانی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت،رۆژنامەکان لەو سەدەیەدا بوونە هۆی گەیاندنی رێنسانسی فیکری وزانستیو پیشەسازی بە جەماوەر.بە پێشکەوتنیئامێری چاپخانە لە هەڵمیەوە بۆکارەبایی ودەرکەوتنی هونەری فۆتۆگراف و وێنەی رەنگاو رەنگ وهاتنە مەیدانیلاسلکیو تەلەفۆن ومانگی دەستکرد وسەتەلایت،کاری رۆژنامەگەری هێندەی تر بەرەو پێشەوە چوو، بە جۆرێك ئێستا لە گەڵ هەموو زەوق و خواستەکانی جەماوەردا دەگونجێ. (29)

سەرەڕای ئەوەی دەرکەوتنی رادیۆو تەلەفزیۆن لەزۆر رووەوە تەنگی بە رۆژنامەوانی هەڵچنیوە، بەلام تاکو ئێستاش رۆژنامەکان رۆڵێکی مێژوویی لەدروست کردنی رای گشتیدا دەگێڕن،و هیچ کەناڵێکی تر نەیتوانیوە بیخاتە پەراوێزەوە. لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا رۆژنامەوانی بوەتە دیاردەیەکی ئابوریو کۆمەلایەتیو هێزێکی سەرەکیشە بۆ دروستکردنی رای گشتی لەسەرتاسەری دونیادا. لەهەمانکاتدا رۆژنامەوانی کەناڵێکی گرنگە بۆ بلاوکردنەوەی ئامانجو نەریتی نوێو گەیاندنی هەواڵو زانیاری راستو دروست بە جەماوەرێکی بەربلاو. رۆژنامەوانی کەلتوری نەتەوەیەك لەنەوەیەکەوە دەگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی ترو شارستانیەتیگەلێك بەگەلێکی تر ئاشنا دەکات. هاوکات رۆژنامەوانی چاودێرێکی وریاو ئازایە بەسەر داموو دەزگاکانی حکومەتەوە بۆ ئەوەی گەندەڵی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی رونەدات.لەڕێگەی رۆژنامەوانیشەوە دەتوانین باشترین دیالۆگ لەنێوان لایەنە دژبەیەکەکان سازبدەین.

پێش قوڵ بوونەوە لەسەر کاریگەری ئەم کەناڵە لەدروست کردنی رای گشتیدا پێم باشە هەندێ لەو پێناسانە بخەمە روو کەپسپۆڕانی بواری ماس میدیا بۆ رۆژنامەوانیان کردووە،. لەیەکێك لەو پێناسانەدا هاتووە کەوا رۆژنامەوانی بریتیە لە: "بەرهەمێکی پیشەسازیو داهێنانێکی فیکری" (پیار لەبیر)، بەلام پێناسەیەکی تر دەڵێ: "پیشەیەکە تایبەتە بەبەرژەوندی گشتی"و هەوڵدەدات فرتو فێڵو ناتواناییەکانی بەڕێوەبەرانی گشتی دەربخات. کاریگەری حزبی بەسەرەوە نییەو دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەردەخات.ئەنسکلوبیدیای بریتانی وشەی( journalism)بە مانای پیشەی کۆکردنەوەو داڕشتنوپەخش کردنی هەواڵ پێناسە دەکات.(30)

لەساڵی 1928دا "ئورترگروس"ی زانای ئەڵمانی پێنج خەسڵەتی داناوەو تاکو ئێستاش لەلایەن زانا هاوچەرخەکانەوە وەك پێوەرێك بۆ رۆژنامە تەماشای دەکرێت.

---

29 –د.عبدالله الطويرقي ،صحافة المجتمع الجماهيري /ل57

30 –سامان فوزي عمر ، مسؤلية الصحفى المدنية عن اخطائه المهنية ل11

- خەسڵەتی یەکەم: دەبێ بەشێوەیەکی دەوری بڵاوبێتەوەو لەماوەیەکدا کە لەهەفتەیەك کەمتر نەبێ.
- خەسڵەتی دووەم: دەبێ میکانیکیانە بەرهەم بێت.
- خەسڵەتی سێیەم: دەبێ هەموو کەسێك توانای کڕینی هەبێتو نرخەکەی هەرزان بێت. بەمانایەکی تر هەموو کەسێك بتوانێ بەدەستی بهێنێ، نەك بۆ توێژێکی دیاریکراوبێت.
- خەسڵەتی چوارەم: دەبێ بابەتەکانی هەمەڕەنگ بن. هەموو ئەو شتانەی تێدابێت کە رای گشتی گرنگی پێدەدا، نەك ئەوەی توێژێکی بەرتەسك بەلاوەی گرنگ بێت.
- خەسڵەتی پێنجەم: دەبێ لەکاتی خۆیدا بکەوێتە بازاڕەوە لەلایەن دەزگایەکەوە بڵاوبکرێتەوەو بەردەوامیش بێت.[31]

## ئاراستەکانی رۆژنامەوانی

دەکرێ بەپێی ئەو راستیەی کەرۆژنامەکان کاری پێدەکەن رۆژنامەکان بکەین بەسێ بەشەوە:

**یەکەم/ رۆژنامە مولتەزیمەکان:**

ئەو رۆژنامانەن کەلەلایەن حزب یان گروپ یان ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی یان ئاینییەوە دەردەچن. ئەم جۆرە رۆژنامانە زمانحاڵی ئەو حزبو گروپانەن.

بابەتەکانی زیاتر بۆ کۆکردنەوەی رای گشتی لەدەوری ئەو حزبو گروپانە دادەڕێژرێن. هەروەها زانیاریو هەواڵو وتار لەبارەی حزبەکانەوە بڵاودەکاتەوەو مەبەستی قازانج نییە، بەڵکو بودجەکەی لەلایەن حزبەکەوە دابین دەکرێ.

حزبە سیاسیەکان زیاتر لەرێگەی ئەم رۆژنامانەوە پڕوپاگەندە بۆخۆیان دەکەنو دەستەیەکی نوسەران لەلایەن حزبەوە بۆی دادەنرێ. نوسینو نەخشەسازی دابەش کردنەکەش هەر لەلایەن حزبەوەیە.[32]

ئەم رۆژنامانە کەناڵێکی گرنگی پێکەوەگرێدانی حزبەکانە بەجەماوەرەکانیانەوە.

واتە جگە لەرۆڵی پڕوپاگەندە، هەڵدەستێ بەرێکخستنی پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی سەرەوەو خوارەوەی حزبەکەوە. رۆژنامەوانی مولتەزیم لەوکاتانەی کەململانێی ئایدۆلۆژی لەنێوان رەوتە جیاجیاکاندا تەشەنە دەسێنێ رەونەق پەیدادەکات لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا رۆژنامەوانی حزبی یان ئایدۆلۆژی، رۆڵی کاریگەر دەبینن لەدەرخستنی راستیەکاندا، لەراستیدا رۆژنامەوانی لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا زیاتر پەیرەوی ئەم ئاراستەیەی دەکرد، بەتایبەت پاش شۆڕشی فەرەنسا.

بەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو هاتنی سەرمایەداری وردە وردە ئەو ئاراستەیە بەرەو لاوازبوونو نەمان چوو، بەجۆرێك کە دەکرێ بڵێین ئێستا رۆژنامەوانی حزبی یان مولتەزم لەرۆژئاوا کەمترین خوێنەری هەیە. بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا هێشتا ئەم ئاراستەیە کاری پێ دەکرێو برەوی ماوە.

**دووەم: رۆژنامەوانی سەربەخۆ:**

وەکو وتمان پێشکەوتنی بازرگانیو پیشەسازیو تەکنەلۆژیا هەلی ئەوەیان بۆکۆمەڵێك خەڵك رەخساند تاکو بواری میدیابکەن بەپیشەو قازانجی مادییان لێوەدەست بکەوێ، هەر لەبەر ئەوە لەئەمریکاو ئۆروپادا لەدووسەدەی رابوردودا چەندین دەزگای رۆژنامەوانی سەربەخۆ دەرکەوتن. لەکۆتایی سەدەی

---

[31] د.هاني الرضا ، الراى العام والاعلام والدعاية ل113

[32] وفاق حافظ الدوري ،طبيعة الصحافة الحزبية، وتطورها www.t1t.net

نۆزدەهەمدا رۆژنامەوانی گەشتە لوتکەی پێشکەوتنی خۆیو ناونرا "دەسەڵاتی چوارەم". چونکە رۆڵێکی کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کلتوری کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا دەگێڕا. ئەم شێوازەی رۆژنامەوانی توانی لەپاڵ راستگۆییو خێراییو وردبینیدا، هەلومەرجێکی وا بڕەخسێنێ کەتێیدا هەواڵو زانیارییەکان کڕینو فرۆشتنیان پێبکرێت لەم ئاستەی رۆژنامەوانیدا هیچ گروپو یان لایەنێکی سیاسی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەپشت دەرکردنی رۆژنامەکانەوە نییە، داهاتی سەرەکی رۆژنامەوانی سەربەخۆ جگەلە فرۆشتنی رۆژنامەکە پارەی ئەو ریکلامانەیە بۆ کۆمپانیا بازرگانیو پیشەسازییەکان بڵاوی دەکاتەوە.ئێستا کامە رۆژنامەی سەربەخۆ هەیەبگریت ناتوانی بێ ریکلام کردن درێژە بە ژیانی خۆی بدات.بە پێی هەندێ سەرچاوە رۆژنامەیەکی بە ناوبانگی وەك(نیویۆرك تایمز)کە رۆژانی یەکشەممان بە (600) لاپەڕە دەردەچێت تەنیا یەك لە سەردەی بابەت وهەواڵە و ئەو نۆ لە سەردەیەکەی تری بریتیە لە ریکلامی بازرگانی. هەر ئەو سەرچاوە دەڵێ رۆژنامەکانی ئەمریکا (75)لە سەدی بودجەی خۆیان لە رێگەی ریکلامەوە دەست دەکەوێت، هەر ئەوەش وایکردوە (65)لە سەدی لاپەڕەکانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن.[33]ئەمەش سەربەخۆیی بۆ بلاوکردنەوەی هەر بابەتێك کەرۆژنامەکە بیەوێ دابین کردووە.بەلأم هەندێك جار ریکلام کردن بە زیانی خەڵك تەواو بوە، بە تایبەت ریکلام کرن بۆ جگەرە، وەك ئاشکرایە بەشێکی زۆی پارەی ریکلام لە ریکلام کردن بۆ جگەرە وەدەست دێت ،بۆ بەردەوامی بەو ریکلامانە، ئەم جۆرە رۆژنامانە کەمترین لا بەلای زیانەکانی جگەرە کێشاندا دەکەنەوە. بە گوێرەی ئەو راپرسیەی کەساڵی 1980 دەزگای (گالوپ)ئەنجامی داوە 30 لە سەدی خەڵکی ئەمریکا لە زیانەکانی جگەرە کێشان بێئاگان.[34]

بەلأم لە گەڵ ئەوەشدابازرگانی چاپەمەنیەکان لە دونیای سەرمایەداریدا هێندە پێشکەوتوە،سەرماییەی هەندێ لەو سەرمایەدارانە زیاترە لە کۆیداهاتی شەش وڵاتی وەك(ئەردەن، بولیڤیا،نیکاراگوا،ئەلبانیا ،مالی،لیبیریا).ئێستا کۆمپانیای"تایم وارنەر"گەورەترین خاوەندارێتی رۆژنامەکانی دونیای لە دەستایە ژمارەی خوینەرانی ئەو گۆڤارانەی کە"تایم وارنەر"دەریان دەکات لە سەر ئاستی دونیا خۆی دەدا لە 120ملیۆن کەس.توانای راگەیاندنی ئەم کۆمپانیایە لە زۆر وڵاتی دونیا زۆترە.جگە لەو کۆمپانیایە کۆمپانیای"نیوز کوپوریشن"کە هی "روبرت مورداك"توانیویەتی بازاڕی رۆژنامە لە سەر ئاستی دونیادا بۆخوی مۆنۆپۆڵ بکات.ئەم کۆمپانیایە لە هەموو کۆمپانیاکانیتری دونیا زیاتر رۆژنامە دەردەکات.دوو لە سەرسێی رۆژنامەکانی ئوسترالیا ونیوەی رۆژنامەکانینیوزلەندا و یەك لە سەر سێی رۆژنامەکانی بریتانیا لە لایەن" مورداك "ەو دەردەچن.لە کۆمپانیاکەی مورداکدا (28000)کارمەند کاردەکات وتێکڕای سەرمایەکەی دەگاتە (14)ملیارد دۆلار.[35]

لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا زیاتر لە( 1700) رۆژنامەو (11000) گۆڤاری سەربەخۆ دەردەچێت وکۆی گشتی تیراژی رۆژنانەیان دەگاتە (62) دانە[36].لە هەلومەجێکی ئاوادا حەتمەن کاریگەری رۆژنامەوانی لە سەر دروستکردنی رای گشتی بەرفراوان دەبێت. جگە لەگەیاندنی هەواڵو زانیاریو سەرگەرمی،

---

[33] –کنترل افکار عمومی در امریکا/ www.bashgah.net

[34] –هةمان سةرضاوة

[35] –هةمان سةضاوة

[36] – هةمان سةضاوة ثيَشو

زۆرجار لەم جۆرە رۆژنامانەدا بابەتی تەندروستی و هەمەڕەنگ بڵاودەبنەوە. یەکێك لەو دیاردانەی کەلەپاش هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵات "میترۆ" "mitrö"یە کە رۆژانە بەملیۆنەهای لێ چاپ دەکرێ. بەخۆڕایی بەسەر خوێنەراندا دابەش دەکرێ، رۆژنامەی mitro تەنیا لەرێگەی ریکلامەوە خۆی و کارمەندانی دەژێنێ و قازانجیش دەدات بەخاوەنەکەی. شانبەشانی ئەم ئاستەی رۆژنامەوانی سەربەخۆ هەندێ رۆژنامە هەن کەسەربەخۆبونیان کردووەتە وەسیلەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕووبەر لەسەر هونەرمەندان و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. شێوازی ئەم رۆژنامانە کەبە (رۆژنامەی زەرد) ناویان دەرکردووە. روکەشبینی و هاندان و پلاروەشاندنە.

رۆژنامەوانی سەربەخۆ هەر چەندە لەسەرتادا بەسادەیی دەستی پێکرد، بەڵام ئەگەر تەماشای رۆژنامە گەورەکانی دنیا بکەین دەبینین لەئاستی بەرزی پێشکەوتن و ئاڵۆزبوندایەو بەهەزاران کارمەندی لەبوارە جیاجیاکانی کاری رۆژنامەوانی تێدایە. ئەوە جگە لەوەی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن (مانگی دەستکرد و تۆڕی ئینتەرنێت) گەیاندنی ئەو رۆژنامانەی بەخوێنەرانیان هێندەی تر ئاسان و خێرا کردووە. تۆڕی ئینتەرنێت جگە لەئاسانکردنی، بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرێکی تر لەرۆژنامەوانی سەربەخۆ بەناوی "رۆژنامەی ئەلکترۆنی" کردوە.

**سێیەم/ رۆژنامە رەسمیەکان**

ئەو رۆژنامانەن کەزمانحاڵی حکومەتەکانن و چالاکی دام و دەزگاکانیان بەجەماوەر. بودجەی ئەم رۆژنامانە لەلایەن وەزارەتێك لەوەزارەتەکانی حکومەتەوە موچەیان بۆ دابین دەکرێ.

لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا مۆدێلی ئەم رۆژنامەوانیە نەماوە. بەڵام لەزۆربەی وڵاتە رۆژهەلاتیەکان بەتایبەتی ئیسلامیەکان ئەم ئاستەی رۆژنامەوانی بەربڵاوەو حکومەتەکان زۆر بەتەنگ دەرکردنی رۆژنامەیەکی زمانحاڵی خۆیانن. لەبەر زیادەڕۆیی لەپڕوپاگەندەکردن بۆ حکومەت، کاریگەری ئەم ئاستەی رۆژنامەوانی لەسەر رای گشتی گەر نەڵێین نییە، ئەوا زۆر جار پێچەوانە دەکەوێتەوە. رۆژنامەکانی رژێمی بەعس باشترین نمونەی بۆ ئەوجۆرە رۆژنامەوانیەیە.

پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەزموونە دووبارە کرایەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت جگە لەخەرج کردنی پارە کاریگەری ئەو رۆژنامانە هیچ نەبووە.، بۆیە داخران.

پێش ئەوەی باس لەکاریگەری رۆژنامەوانی لەسەر رای گشتی بکەین، بەپێویستی دەزانم هەندێك قسەش لەسەر پۆلێن کردنی رۆژنامەکان بەپێی کاتی دەرچوونیان و بەپێی ناوەڕۆکیان بکەین.دەرکردنی رۆژنامە بەپێی کاتی دەرچوونیان دەکرێت بەسێ جۆرەوە، رۆژانە، هەفتەنامە و مانگانە.[37]

ئەو رۆژنامانەی کەڕۆژانە دەردەچن دەبن بەسێ جۆرەوە، بەیانیان کەبەربڵاوترین جۆریانە و خوێنەران زیاتر پەسەندی دەکەن، چونکە دەیانەوێ بزانن لەو ماوەیەی کەئەوان لەخەودابوون لەدونیادا چی رووی داوە. هەروەها رۆژنامەی واهەیە نیوەڕوان یان ئێواران چاپ دەبن و دەکەونە بەردیدی خوێنەرانیان. ئەم رۆژنامانە زیاتر گرنگی دەدەن بەهەواڵی سیاسی سەرنج راکێش و هەواڵی کۆمەڵایەتی و هونەری.

سێیەم جۆری رۆژنامەی رۆژانە ئەوانەن کە رۆژنامەکان دەری دەکەن و زیاتر هەواڵی تێدایە و بەچاپی دووەم یان سێیەم ناودەبرێن. هەروەها زۆر رۆژنامە هەیەکەپاشکۆی وەرزشی یان ئەدەبی یان دیپلۆماتی دەردەکات.

---

[37]-د. هاني الرضا ،الراى العام و الاعلام والدعاية ل129

بەلام پۆلێن کردن بەپێی ناوەڕۆك بریتییە لە رۆژنامەوانی سیاسیو ئەدەبیو هونەریو وەرزشیو ئابوریو رۆژنامەوانی تایبەت بە ئۆتۆمبێلو جلو بەرگو گەمەی هەمە جۆر. بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەکان لەدوو گروپی گەورەدا پۆلێن دەکەین. رۆژنامەوانی گشتیو رۆژنامەوانی پسپۆڕ یان تایبەت.(38)

رۆژنامە گشتییەکان هەمەڕەنگن، بەلام یەکێك لەبابەتەکان گرنگی زیاتری پێ دەدرێو رۆژنامەکەش زیاتر بەو بابەتەوە دەناسرێت. خوێنەری ئەم رۆژنامەیە لەپێکهاتەدا جیاوازن.

بەلام رۆژنامەوانیە پسپۆڕەکان زیاتر گۆڤارنو هەریەکەیان لەیەك بابەتدا پسپۆڕایەتی وەردەگرن. بۆنمونە سیاسەت یان پزیشکی یاخود وەرزشیو میکانیکی. خوێنەری ئەم رۆژنامەوانیە تایبەتن، گۆڤاری یاسا تەنیا بۆ یاساناسانو هونەر تەنیا بۆ هونەرمەندانو ئەوانەی گرنگی بەو بوارە دەدەن.

لەولایەتە یەکرگتووەکانی ئەمریکادا زیاتر لە 11.000 گۆڤار دەردەچێت8.000 لەو گۆڤارانە تایبەتن وبۆ ئەوکەسانە بلاودەکرێنەوە کەلەڕووی زەوقو بۆچوونو ئامانجەوە هاوبەشن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەهەر 200 گۆڤارێکی نوێ کەرۆژانە لەئەمریکا دەردەچن، 160 گۆڤاریان تایبەتمەندن.

بەپێی هەندێ ئامار زیادبوونی ژمارەی رۆژنامەوانی پسپۆڕ لە فەرەنسادا 10.2٪یە، ئەمە لەکاتێکدا کە رۆژنامەی گشتی لەو ولاتەدا بەرێژەی 3.3٪ لەپاشەکشەدایە.(39)

---

38 هەمان سەرچاوە ل131

39 الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها. www.t1t.net.

# کاریگەری رۆژنامەوانی
# لەدروستکردنی رای گشتیدا

ئەو تایبەتمەندیانەی رۆژنامەوانی هەیەتی کاریکی وای کردووە لەبەرهەمهێنانی رای گشتیدا جێگەیەکی تایبەتی هەبێ. یەکێك لەمەرجە سەرەکیەکانی زمانی راگەیاندن، بەتایبەت لەرۆژنامەوانیدا، سادەیی و روونی ئەو بابەتانەیە کەتێیدا بلاَودەکرێتەوە. ئەوەش بەو مانایە دێت کەزۆرترین ژمارەی خوێنەر بێ هیچ ماندووبونێك لەماناکانی ئەو بابەتانە تێ دەگەن و دەکەونە ژێر کاریگەری پەیامەکانیەوە. هەروەها رۆژنامەوانی بەوە دەناسرێتەوە کە ناوەرۆکی پەیامەکانی هەمەچەشن و هەمەرەنگن، بەمانایەکی تر ئەو کەسەی بەدوای بابەتی هەواڵ و سیاسەتدا بگەرێ بەئاسانی دەستی پێ دەگات، بە هەمان شێوە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ بابەتی زانستی یان کلتوری بخوێننەوە رۆژنامە ئەو کارەیان بۆ مەیسەردەکات.جگەلەوە رۆژنامە بەهۆی هەرزانییەوە دەگاتە دەستی هەموو ئەوانەی کە تەنانەت داهاتێکی دیارکراویشیان هەیە.

سیفەتێکی تری رۆژنامە ئەوەیە کە لەهەر جێگەیەکدا کە بتەوێ دەیخوێنیتەوە و هەرکاتێکیش کاتت بەدەستەوە نەبوو دەتوانیت قەدی کەیت و دواتر بچیتەوە سەر خوێندنەوەی بابەتەکانی. ئەم تایبەتمەندیەش لەکەناڵەکانی تردا ئاسان نییە. واتە پەیامی رۆژنامە دەکرێ ئەرشیف بکرێت و بەردەوامی هەبێ لە دروستکردنی رای گشتیدا. لەدوای شۆرشی فەرەنسا، بەهۆی دروست بوونی چەندین حزبی رادیکال لە ئۆرووپاو بەهۆی رۆژنامەکانی زمانحاڵی ئەو حیزبانەوە. گۆرانی بنەرەتی لەناو چینە چەوساوەکانی ئۆرووپادا دروست بوو. لەرێگەی رۆژنامە کۆمۆنیستەکانەوە کرێکاران خۆیان رێکخست و لەهەواڵ و زانیاری هاوچینەکانی خۆیان بەئاگادەبوون و بەرنامەیان بۆ ئایندەیەکی باشتر دادەرشت. کاریگەری ئەو رۆژنامانە لەسەر زۆرینەی کۆمەڵگا کەچینی کرێکاربوو، ترسی لەدڵی سەرمایەدارەکاندا دروست کرد. هەرلەبەر ئەوەش بوو ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانی بەناوی "دکتۆر فیلیمور" بەپشت بەستن بەهەندێ راپۆرت کەپێی گەیشتبو پەرلەمان ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ:

"خزمەتکاران و سەربازەکان خەریکی خوێندەوەی رۆژنامە رادیکالەکانن ئەوەش دەبێتە بزواندنی هەست و سۆزیان[40]

لەراستیدا بەشێکی سەرەکی ئەو گۆرانکاریە مەزنانەی کەلەکۆمەڵگارۆژئاواییەکاندا روویانداوە دەگەرێتەوە بۆ کاریگەری رۆژنامەکان لەهاندانی چین و توێژە جیاجیاکان بۆ بەدەست هێنانی داواکانیان. رۆژنامەنوسانی سەدەی هەژدەو نۆزدەو بیستەم، لەرێگەی بابەتەکانیانەوە توانیان کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و ئازاد بونیاد بنێن و حکومەتە زۆردارەکانیش ناچار ملکەچ بوون بۆ کۆمەڵی مەدەنی و مافی هاووڵاتی بوون.

لەکاتی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەوە تاکو ئێستا، رۆژنامەوانی بووەتە خەسڵەتێکی شارستانی بۆ هەموو کۆمەڵگاکان، بەجۆرێك تاکو ئێستاش پێشکەوتنی راگەیاندن بەگشتی و رۆژنامەوانی بەتایبەت،

---

[40] –د.هاني الرضا ،الرای العام والاعلام والدعاية ل117

بەپێوەرێکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت. ڕۆژنامەوانی نوێنەرایەتی رای گشتی دەکات، پرەنسیبی کاریگەری ڕۆژنامەوانی لەسەر رای گشتیو ئاراستەکردنی هیچ گومانێکی تێدا نییە، هەروەها کاریگەری ڕۆژنامە، بەتایبەت ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەسەر بیرکردنەوەی خوێنەران بووەتە ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ ئەو کەناڵەی راگەیاندن(41)

بەڵام کاتێك باس لەو کاریگەریانەی ڕۆژنامەوانی دەکەین، ناکرێ باس لەو سانسۆرو بڕیارو یاسایانە نەکەین، کەهەندێ لەحکومەتەکان بۆ کەم کردنەوە یاخود نەهێشتنی ئەو کاریگەریە دایدەڕێژن.

ماس میدیاکان بەشێوەیەکی گشتی ئەو قاڵبە سیاسیو کۆمەڵایەتییە وەردەگرن کەتێیدا دەژین، واتە رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی وڵاتەکەیانن لەوڵاتێکی دیموکراسیدا، کە هاوڵاتیان ئەرك‌و مافەکانیان بەپێی دەستورو یاسا دەستنیشان کرابێت، هەردەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکەین کەوا بواری ڕۆژنامەوانیش ئەرك‌و مافەکانی دانی پێدانرابێت‌و کەمترین ڕێگریو لەمپەڕ لەبەردەمیدا بێت. بەهەمانشێوە، لەوڵاتێکی تۆتالیتاریدا، حەتمەن دەبێ ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی دامو دەزگایەکی سەرکوت کەرو شێوێنەری راستیەکان‌و تێکدەری بیروهۆشی جەماوەر بگێڕێت، چونکە ناچارە لەو سنورە ئایدۆلۆژیەی کەدەسەڵات بۆی دادەڕێژێ گەمەی خۆی بکات‌و لێی دەرنەچێ، ئەگەر ئەو سنورە ببەزێنێ ئەوا ڕووبەڕوی داخستن‌و لێکۆڵینەوە دەبێتەوە یان دەبێ بەنهێنی دەربچێت.

گەر سەیری مێژووی ڕۆژنامەوانی بکەین، دەبینین لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە (بەتایبەت لەسەدەکانی شازدەیەم‌و هەڤدەیەمدا).

بەحوکمی بوونی کۆمەڵی حوکمڕانی ملهوڕو چەوسێنەر بەسەر وڵاتانی ئۆروپاوە، ڕۆژنامەوانی تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵوێست‌و بیروبۆچوونیو سیاسەتە ناوخۆییو دەرەکیەکانی ئەو حکومەتانە بەکاردەهات. واتە ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمە هۆکارێك بوو بۆ گەیاندنی بیروڕاو سیاسەتەکاتی حکومەت بەجەماوەر نەك بەپێچەوانەوە.

لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕۆژنامەکانیش هەرهەموویان دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی نزیك لەحکومەت بوون، بۆیە ئەوکارەیان بەئاسانی بۆ بەسەر دەچوو، بەڵام بەپێشکەوتنی کۆمەڵگاکان‌و هۆشیاربوونەوەی خەڵك‌و دروسصت بوونی حزب‌و سەندیکا هەمە جۆرەکان‌و سەربەخۆبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 1776و دەرچوونی چەندین ڕۆژنامەی ئازادو سەربەخۆ، ڕێگە لە بەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی ئۆروپادا کرایەوەو ڕۆژنامەکان ئازادییان بەدەست هێنا. ئەو ئازادییەی کەڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ لەدونیادا هەیەتی بەتەواوی قەرزاری ئەو بڕیارو یاسایانەیە کە حکومەتی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی دەریکردوون. لەڕاستیدا بەپێی دەستوری ئەمریکا، راگەیاندنەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیارییەکانن(42)

ئەمەش دەسەڵاتی تەواوتی داوە بە ڕۆژنامەکان تاکو هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەلای خەڵکەوە مایەی گرنگی پێدانن بڵاوبکەنەوەو هەر ئەو دەستورەش مافی بەدەست هێنانی هەواڵی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دابین کردووە..

---

41 – سامي هيد موس ،الاعلام المكتوب.. رسالة ودور متعدد الوجوه

42 –وسائل الاعلام والاخلاق– usinfo.state

لەبارەی گرنگی رۆژنامەوە سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا "توماس جیفرسون" دەڵێ: ئەگەر بڕیار بدەنە دەستی من بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێکی بێ رۆژنامە یان رۆژنامەی بێ حکومەت، ئەوەی دواییان هەڵدەبژێرم، بەڵام دەبێ هەموو کەسێك ئەو رۆژنامەیەی پێبگاتو توانای خوێندنەوەی هەبێ"[43]

وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد، رۆژنامەکان هەڵقوڵاوی حکومەتەکانیانن بۆیە هێشتا دەیان حکومەتی سەرکوت کەر هەن کەئازادی رۆژنامەوانیان بەلاوە بەسەرچاوەی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگاو هەڕەشە بۆ سەرخۆیان دەزانن، لەناویاندا دەکرێ باس لەحکومەتە ئیسلامیو سوسیالیستیو نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بکەین.رۆژنامەوانی بەلای ئەم جۆرە حکومەتانەوەدەبێ کۆنترۆڵ کراوبێتو پڕوپاگەندەیان بۆ بکات وبە تەنهاه بەرژەوەندی ویستو ئارەزووی ئەو رژێمەکانە هەنگاو هەڵنێو دەبێ دەستەمۆی ئەوان بێت.ئەو بڕیارانەی کەلەم شێوازەی حکومڕانیەوە دەردەچن، تەنیا بڕیاری سەرکوتکەری رۆژنامەوانینو سەبارەت بە ئازادیو رۆژنامەوانی هیچ شتێك باس نەکراوە.

لێرەدا رۆژنامەکان ناچارن سانسۆرێکی خودی لەسەرخۆیان دانێن.کۆماری ئیسلامی ئێران، لەپاش ساڵی 1997وە زۆترین رێژەی داخستنی رۆژنامەی لەسەر ئاستی دونیادا بەخۆیەوە دیوە. کۆنترۆڵ کردنی رۆژنامەکان لەلایەن داموو دەزگا محافزکارەکانی ئەو وڵاتەوە تەنیا لەبەر رۆڵی کاریگەری ئەو رۆژنامانە بووە لە دروست کردنی رای گشتی بۆ ریفۆرمو کرانەوە لەبەردەم دونیای مەدەنیەت.بەڵام دەکرێ بڵێین ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەم، لەگەڵ خۆیدا مەرگی سانسۆری هێناو چیتر حکومەتە تۆتالیتارییەکان ناتوانن وەك جاران ببنە چاودێر بەسەر دێڕبەدێڕی بابەتەکانی راگەیاندنەوە وهێزو دەسەڵاتی سانسۆرچیەکانی یەکجار کەم کردووەتەوە. ئێستا ئەو حکومەتانە دوو رێگەیان لەبەردەم دایە،یان کرانەوە بەرووی دونیای مۆدێرنو مەدەنیەت (کەئازادی رۆژنامەوانی مەرجێکی سەرەکیەتی) یان داخرانو ون بوون لەدونیای جەهلو نەزانینو پاشەکشەیی (کەهیچ گەلێك پێی رازی نابێت)...

ئەو ژانرە رۆژنامەوانیانەی کەزۆرترین کاریگەرییان لەسەر رای گشتی هەیە

لەم بارەیەوە ناکرێ ژانارێك بەسەر ژانرێکی تری رۆژنامەدا بەپەسەند تر دابنرێت چونکە بەپێی شێوازی داڕشتنو دەربڕینی نوسەکان ئەو کاریگەرییە دەگۆڕێ جگە لەوەش کولتوورو دابو نەریتی گەلانو رادەی پێشکەوتنو زەوقو سەلیقەیان رۆڵی سەرەکی دەبینێت. بەڵام دکتۆر عاتف عدلی العبد العبدالله لەکتێبی (الرای العام وگرق قیاسە" دا ئەو ژنرانە دەکات بەسێ بەشەوە. بەم جۆرە:

1-بەشێك لەوژانرانەی کە راستەوخۆ بۆ رای گشتی ئاراستەیدەکەن، وەك سەروتارو کاریکاتێرو گۆشەو نامەی خوێنەرانو بابەتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکانو رەخنەی ئەدەبیو هونەریو ریکلامەکان، ئەم ژانرانە بەشێوەیەکی عەمدی بەلای بۆچونێکدا دای دەشکێننو کار لەسەر رای گشتی خەڵك دەکەن.

2-بەشێك لەوژانرانەی پەیوەندی ناراستەوخۆی بەئاراستەکردنی رای گشتیەوە هەیە هەرچەندە هەندێ ژانری رۆژنامەنوسی هەیە کەبۆسەر گەرمیو خۆشیو کات بەسەربردن دانراون وەك (چیرۆکە هەواڵو گاڵتەو گەپو وشەی یەکتربڕو هەواڵی تاوان) لەبنەڕەتدا بۆ کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی دانەنراون، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لەخەڵك دەکات، بەتایبەت لەسەر لاوان و منداڵان.

---

43 -د.هاني الرضا ،الرای العام والاعلام والدعایة ل143

3–بەشێك لەوژانرانەی كە پەیوەندیان نییە بەرای گشتی‌یەوە: لەو بابەتانە دەكرێ باس لەبەشی هەواڵی كەشناسی‌و مردن‌و تیلی تێكس‌و بەرنامەكانی T.V و رادیۆ بكەن، ئەم جۆرە بابەتانە لەناو خەڵكدا را دروست ناكەن.[44]

[44] – د. عاطف عدلي العبد عبيد ،الراى العام وطرق قياسهل**95–96**

# رادیۆ

"رادیۆ ژمارەیـەکی زۆری خـەڵك بەخۆیـەوە گرێ دەدات و دەیانخاتە ژێر کاریگەرییەوە. کاریگەریـەکی رووبەرووی هەیە. بەرێگەی رادیۆوە نوسەرو بێژەرو گوێگر لەیەك جیهانی پەیوەندیدا کۆدەبنـەوە. بـەهۆی راستەوخۆیی و گەرم و گوڕی بەرنامەکانی رادیـۆوە ئەزمونێکی شەخصی و تایبـەتیمان لادروست دەبێ. رادیۆ هێزێکی لەبن نـەهاتوی هەیـەو کاریگەرییـەکی خۆنەویستی بەسـەر گوێگرەوە هەیـەو هـەوو کەسێك دەگرێتەوە "رادیۆ دەتوانێ گیانی کۆمەڵگاکان یەکەخات.. [45]

بەباشم زانی پێش ئەوەی باسی کورتە مێژوویەکی رادیۆ بکەم ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بخەمە روو، کە تاڕادەیەکی زۆر گرنگی و رۆڵی رادیۆ وەك کەناڵێکی گرنگی راگەیاندن باس دەکات.

## کورتە مێژوویەکی رادیۆ

زۆربـەی ئەوانـەی مێـژووی کەناڵـەکانیان تۆمـارکردووە، مێـژووی دۆزینـەوەی رادیـۆ دەگەڕێننـەوە بـۆ داهێنانی کارەباو تەلەفون لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم.

لەساڵی 1867–جمیز کلارك ماکسول–شەپۆلی ئەلکترومۆگناتیسی دۆزیەوە. پاش ئەوە بەبیست ساڵ "هێزیش هیرتز" داهێنانەکەی ماکسولی پەرەپێداو سەلماندی کەوا شەپۆلی ئەلکترومۆگناتیس بەخێرایی تیشك لەئاسماندا پەخش دەبێت. ئەو شەپۆلەی کەتائێستا بە "هیرتز" ناسراوە، هەمان ئەو داهێنانەی هیرتزە کەبەناوی خۆیەوە تۆمارکراوە. پاش ئەمان چەندین زانای تر درێژەیان بەو لێکۆڵینانەوە دا. سەرئەنجام "مارکۆنی" دەرکەوت و لە ساڵی 1901/11/12دا توانی بۆیەکەم جار پەیامێك بەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا لەبەریتانیاوە رەوانەی کەنەدا بکات. ئەو رۆژەش بەرۆژی دۆزینەوەی رادیۆ لەقەڵەم درا.

لەساڵی 1909 مارکۆنی و بەهاوبەشی لەگەڵ "براون"دا خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئەم داهێنانە وەرگرت. ئەم داهێنانە بەهەڵگیرانی شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتە خزمەتی شەڕەکە. بەکۆتایی شەڕ، رادیۆکەی مارکۆنی دەستی دایە پەخش کردنی بەرنامەی سەرگەرمی.

یەکەم ئێزگە لەساڵی 1914 لەبەلژیك لەلایەن کەسێك بەناوی "برنارد"ەوە دامەزرا. پاشان لە ساڵی 1920 لەئەمریکا ئێزگەیەك دامەزراو دواتر لەساڵی 1922 بەریتانیا ئێزگەیەکی تر دامەزرا.

وەك هەر داهێنانێکی نوێ، رادیـۆ بەخێراییـەکی زۆر پەرەی سەندو بوبە کەناڵێکی راگەیاندنی دیارو فاکتێکی گرنگی کولتوری و هونەری بۆ گەیاندنی حکومەتەکان و گەلانی دونیا بەیەکتر. [46]

ئێستا هەزاران ئێزگەی رادیۆیی حکومی و ئەهلی لەسەرتاسەری جیهان بەسەدان زمان بەرنامە پەخش دەکەن. سەرەڕای پێشکەوتنی تەلەفزیۆن و پەرەسەندنی کەناڵی تری راگەیاندن، هێشتا رادیـۆ وەك خێراترین و ئاسانترین کەناڵی پەیوەندی جەماوەری رۆڵی خۆی دەگێڕێ. هەرزانی، ئاسانی هەڵگرتن و گواستنەوەو خێرایی گەیاندنی هەواڵ و پێشکەوتنی زۆری تەکنەلۆژیا، رادیۆیان کردوەتە کەناڵێك کەهیچ حکومەتێك دەستبەداری نەبێ.

---

45 دکتور سید احمد خاتون ئابادي– رادیو وارتباط نو سعداي ل61

46 دکتور سید احمد خاتون ابادي– رادیو وارتباط توسعداوي. ل62–62

پـاكی وەرگرتنـی پەیامـەكان لـەو دەسـتكەوتانەی كەتەكنـەلۆژیای دیجیتـاڵی لـە سـاڵی (2000)وە بـەرادیۆی بەخشـیوە. هـەروەها بـوونی رادیـۆ لـەماڵ و سـەیارەو شـوێنی كـارو تەنانـەت لـەتراكتۆرو مۆبایلەكاندا وای كردووە خەڵك هەركاتێك بیانەوێ بەدەم و كاركردن و هاتوچۆكردنەوە گوێی لێ دەگرن.

## تایبەتمەندیەكانیرادیۆ :

1-پەیوەندی بەژمارەیەكی زۆر خەڵكەوە هەیەو لەماوەیەكی كورتدا پەیامی خۆیان پێ دەدا.

2-رادیـۆ وەك یـەك بـۆ خـەڵكانی خوێنـەوارو نەخوێنـەوار بەكەڵكە، بـەلام خـەڵكانی نەخوێنـەوار زیـاتر دەكەونە ژێر كاریگەری رادیۆوە.

3-دەتوانێ باس لەهەموو بابەتە جیاجیاكان بكات.

4-رادیۆ دەتوانێ تەواوكەری پەیامی هەموو كەناڵەكانی تر بێت.[47]

## خاوەندارێتی رادیۆكان

هەرچەندە لەسەرەتادا حكومەتەكان زیاتر خاوەندارێتی رادیۆكانیان دەكرد، بەلام لەپەنجاكانی سەدەی رابوردووەوە سیستەمێكی تر لەخاوەندارێتی رادیـۆ پەیدابوو كـە سـەربەكەرتی تایبـەت بـوو، لێرەدا بـاس لەهەردوو سیستەمەكەی خاوەندارێتی دەكەین:

1-**سیستەمی خاوەندارێتی بازرگانی ئازاد:**

ئـەم رادیۆیانـە یـان لەلایـەن كۆمپانیاكـان یـان لەلایـەن كەسـانی دەوڵەمەنـد یـاخود لـە لایـەن حـزب و رێكخراوەاكانـەوە خاوەندارێتی دەكرێت. بودجەی ئـەم ئێزگانـە لـەپارەی ئـەو ریكلامانـەوە دابـین دەكـرێ كەلەكاتی بەرنامەكانیدا پەخشی دەكات، بەتایبەتی بەرنامە سەرگەرمیەكان. سەرچاوەی هـەواڵ و بەرنامە سیاسیەكانی زیاتر لە ئاژانسەكانی دەنگ و باس و پەیامنێرە تایبەتەكان و سەرچاوە رەسمیەكانەوەیە.ئەم سیستەمە لەرژێمە تۆتالیتاریەكاندا رێگەی پێنادرێ.

2-**سیستەمی خاوەندارێتی حكومی:**

زیـاتر ئـەو دامەزراوانـەن كەلەلایـەن وەزارەتـی رۆشـنبیری یـاخود دامـەزراوێكی تـری نیشـتمانییەوە سەرپەرشـتی دەكرێـت و لەسـەر هێڵـی راگەیانـدن و سیاسـەتی حكومـەت دەڕۆن. لەئاراسـتەكردنی رای گشتیدا، حكومەتەكان كەڵكی زۆری لێ وەردەگرن.

بودجـەی ئـەم ئێزگانـە لەلایـەن حكومەتـەوە دابـین دەكـرێ. دەكـرێ بڵـێین زۆربـەی هـەرە زۆری حكومەتەكانی دونیا بەرۆژهـەلات و رۆژئاوایەوە، ئێزگـەی رەسمی خۆیانیان هەیە.( BBC) گـەورەترین كەناڵی رادیۆی جیهانە كەخاوەندارێتیەكەی خودی حكومەتی بەریتانیایەو بەزیاتر لە (50) زمان بەرنامە پەخش دەكات و تاكو ئێستا توانیویەتی لەسەرجەم كێشە ناوخۆییەكانی بەریتانیاو دەرەكیەكانی دونیادا بێلایەنی خۆی بپارێزێ.

بەهـەرحاڵ لەهـەردوو سیسـتەمەكەدا، رادیـۆ وەك راگەیانـدنێكی جـەماوەری سـەرەڕای دەركـەوتنی تەلـەفزیۆن وەك كـەناڵێكی (بیسـتراوو بینـراو) لەیـەك كاتـدا نـەبووە هـۆی جێلـەق كردنـی رۆڵـی رادیـۆ لەپەرەپێـدانی كۆمەڵایـەتی، بگـرە رادیـۆ لـەم رۆژگـارەدا باشـترین كەرەسـتەیە بـۆ هۆشـیاركردنەوەو

---

47 دكتور هاني الرضا- الراى العام والاعلام والدعاية ل153

پەروەردەکردنی خەڵك. لەهەموو کاتەکانیشدا توانیویەتی وروژێنەرێکی سەرەکی بێت بۆ رای گشتی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەئاستی نەخوێندەواریی و هەژاری تیایاندا بەرزە. [48]

# رۆڵی رادیۆ لە
# دروست کردنی رای گشتیدا

رادیۆ خێراترینو ئاسانترین کەناڵی پەیوەندی جەماوەرییەو لەپێش هەموو کەناڵەکانی تردا توانی هۆکاری شوێن کەپێشتر بەربەست بوو لەگەیاندنی پەیامەکادا تێك بشکێنێ.

(دانیل لرنر) کەپسپۆڕێکی بواری راگەیاندنە کاتێك باس لەکاریگەری رادیۆ لەسەر پێشخستنی کۆمەڵگاکان دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا هەموو پێشکەوتنەکانی رۆژئاوا بەهۆی "رادیۆ"وە بوو.

هەر ئەو پسپۆڕە پێشنیاری ئەوە دەکات بۆ پێشخستنی وڵاتانی دواکەوتوو، دەبێ کەڵك لە "رادیۆ" وەربگیرێت، چونکە رادیۆ ئاسانترین کەناڵە تاکو خەڵکی گوندنشین زانیاریی و شارەزایی لێوەفێرببن.

یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی رادیۆ ئەوەیە کەدەتوانێ زۆرترین بەرنامەکانی بەشێوەی زیندوو پەخش بکات، ئەوەش ئیمکانی پەیوەندی کردنی بەوبەرنامانە بۆ گوێگر دەرەخسێنێ، واتە پەیوەندیەکە دوولایەنە دەبێ و هەردوو لا دەتوانن بیروڕا ئاڵوگۆڕبکەن و پاشانیش خەڵکانی تر رای خۆیان لەسەر راکانی تر بخەنە روو.

لەراستیدا بەهۆی بوونی بەرنامەی هەمەڕەنگو هەمە بابەتەوە زۆرترین خەڵك کەڵك لەرادیۆ وەردەگرن. بۆ نمونە بەرنامە کراوەکانی رادیۆ پەیام وەرگری هەمە جۆریان هەیە. بەڵام بەرنامەکانی فێرکردن دەتوانن ئەو پەڕی بابەتی زانستی بدەن بەگوێگران.

بەکورتی دەکرێ بڵێین رادیۆ هەموو تەمەنەکان (گەورەوە بچوك)، هەموو توێژەکان (کرێکار، فەرمانبەر، بازرگان...) خاوەن داراییە زۆرەکانو کەم دەرامەتەکانو خوێنەوارو نەخوێنەوارەکان دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە.

لەهەموو شوێنێك و لەهەموو کاتێکدا (ئاشتی بێ یان شەڕ)، دەتوانێ رای گشتی بجوڵێنێ و بەجۆرەی کەدەیەوێت لەڕێگەی پلانێکی راگەیاندنی زانستیەوە، ئاراستەی بکات.

* * *

[48] دکتور سید احمد خاتون ابادي– راديو وارتباط نوسعداوي ل65

# تەلەفزیۆن

یەکەم دەرکەوتنی تەلەفزیۆن بە شێوە سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بو ساڵی 1935 ئەویش لەلایەن تۆڕی (NBC)لـە شـاری نیـۆرکی ئـەمریکا. ئـەم ئـامێرە سـیحریە توانایـەکی لـە رادەبـە دەری هەیـە بـۆ گواستنەوەوگرێدانی بینەران بە بابەتەکانیەوە.[49]

لەبەرئـەوەی راگەیانـدنی بینـراو لەگـەڵ وێنـەو رووداودا هەڵسـوکەوت دەکـاتو کـار لەهەسـتیارترین هەسـتەوەری مـرۆڤ کەچاوە دەکـات، بۆیـە تایبەتمەنـدیو گرنگیـەکی پـڕ مەترسـی هەیـە. چـاوی مـرۆڤ وێنـەکان دەگەیەنێتـە مێشـکیو خـەزنی دەکـات. بـۆ ئـەوەی هـەر کاتێك ویسـتی بیهێنێتـەوە یـادی خـۆی. هـەروەها ئـەو وێنانـە کەلەرێگـەی چـاوەوە دەگوازرێتـەوە تایبەتمەندیەکـەی لەوەدایـە کـە راسـتەقینەن، ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات کاردانەوەیەکی واقعیانەی لەبەردەومدا هەبێت.

مـرۆڤ لەبرامبـەر دیمەنـە شـادەکاندا خۆشـحاڵ دەبێـتو لەبەرامبـەر دیمەنـە ترسـناکەکانیش دا تـرسو تۆقین دای دەگرێ. چاو بەپێچەوانەی هەستەوەرەکانی تر پێویستی بەبەڵگەو دەلیل نییە، بەڵکو وێنـەکان وەکو خۆی دەخاتە روو.[50]

بۆ نمونە کاتێك فەرماندەیەك باس لەچالاکیەکی هێزی پێشـمەرگەی کورستان دەکات دژ بەداگیرکـەری عێراقـی، ئـەو وێنەیـەی کـەلای گـوێگران دروسـت دەبـێ ئەگـەری گومـانو تـەمو مـژاوی بـوونی تێدایـەو هەرکەسـەو بەپێی میزاجـی خـۆی لێکـی دەداتـەوە. بـەلام ئەگـەر ئـەو فەرماندەیـە کاسـێتێکی فیـدۆیی ئـەو چالاکیەی پیشـانی ئامـادەبووان دا ئـەوا هـەموویان یـەك کاردانـەوەی هاوبەشـی راسـتەقینەیان لادروسـت دەبـێو هـیچ گومانێك لایـان نـامێنێ.ئـەم نمونەیـە ئـەو راسـتیەمان بـۆ دەردەخـات کـە راگەیانـدنیبینراو دەتوانێ هەموو هەستەکان بەتوندی پێکەوە گرێ بدات.

رەنگە تەلەفزیۆن لـەم سـەردەمەی ئێمـەدا گرنگترین کـەناڵ بێـت بـۆ کارکردنـە سـەر پەرەپێـدانی ئاسـتی هۆشـیاری جەماوەر،لـە هەمانکاتـدا دەکـرێ بلـێین تەلـەفزیۆن شـەیتانیترین ئامێرێکـە کـە مـرۆڤ بـە دێـژای مێژووخۆی دروستی کردبێت.ئەم سندوقە ئەفسوناویە مرۆڤی بـە شـێوەیەکی سـەیر کـۆنترۆڵ کـردوە.بە دەگمەن ماڵێك شك دەبێت کە ئامێرێکی تەلەفزیۆنی نەبێت وکەم کەسێکیش هەیە رۆژانە بەشـێك لـە کـاتی دەستبەتاڵی خۆی لە بەردەم تەلەفزیۆندا بە سەر نەبات .

ژنو پیاوو منداڵو گەورەو بچوك لەرێگەی بەرنامە هەمە چەشنەکانیەوە زانیاری وەردەگرنو کـاتێکی خۆشو شاد بەسەر دەبەن.ئەم سندوقە بچکۆلانەیە، لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە کـاری لەسـەرکراوە، بەلام وەك وتمان تاکو ساڵی 1935 بەشێوەیەکی جدی نەکەوتە کار. لەوسـاڵە بـەدواوە زانایـانی بوارەکـە پێشـکەوتنی یـەکجار گـەورەیان لەشـێوەی پـەخشو جـۆری بەرنامـەو سـاناکردنی کارکردنیـدا ئـەنجاداوە. تەلـەفزیۆن پـێش هـەموو دەزگاکـانی تـری بـواری هۆشـیاری کۆمەلایـەتی کـەڵکی لـەو تۆپـە ئەلەمنیۆمیـە وەرگرت کەلە10 /1957/4دا لە سۆفیاتی جارانەوە هەڵدرایە بۆشایی ئاسمانەوەو پاشان ناونرا "مـانگی

---

[49] –د.عبدالله الطويرقي ،صحافة المجتمع الجماهيري،،ل 65

[50] –عبدالعزيز الاصري ، الاعلام.. وتفعيل وعي الامة www.annabaa.org

دەستکرد"و ئێستا لەرێگەی ئەو مانگە دەستکردانەوە تەلەفزیۆن بوەتە چاووگوێی مرۆڤی هاوچەرخ و هەموو گەردوونی لەمۆنیتەرێکی بچکۆلانەدا کۆکردوەتەوە.[51]

لەرووی پێکهاتەی کۆمەلایەتی نوێیەوە وەك دامەزراوێکی کۆمەلایەتی ئەم فۆرمانەی خاوەنداریتی وبەرێوەبردن هەیە:

## یەکەم/ ئەو تەلەفزیۆنانەی کەلەلایەن حکومەتەکانەوە بەرێوە دەبرێن:

حکومەتەکان بۆ گەیاندن و گواستنەوەی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونی خۆیان گەورەترین کەلکیان لەتەلەفزۆیۆن وەرگرتووە. ئەو تەلەفزیۆنانەی کەلەلایەن حکومەتەکانەوە بەرێوە دەچن، هەول دەدەن رای گشتی هاوولاتیانیان بەشێوەیەك ئاراستەبکەن کەلەقازانجی خۆیاندا بشکێتەوە. ئەم تەلەفزیۆنانە هەموو بەرنامە پەروەردەیی و سەرگەرمی و تەنانەت زانیاری و هەوالەکانیشیان لەپێناوی بەرژەوەندی دەسەلاتدارانیدا پەخش دەکەن. زۆربەی حکومەتەکانی ولاتانی جیهانی سێیەم وتارادەیەکیش ئۆروپا سیستەمی بەرێوەبردنی ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە پەیرەودەکەن. لەرووی ئابورییەوە ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە لەلایەن حکومەتەکانەوە بودجەیەکی دیاریکراویان لەبودجەی حکومەت بۆ تەرخانکراوە.هەرچەندە تاکوئێستاش ئەم شێوازەی بەرێوەبردنی تەلەفزیۆن برەوی ماوە، بەلام بەهۆی هاتنی مەیدانی بازرگانییەوە، کاریگەری ئەم شێوازە کەمی کردووەو توانای ململانێی گەیاندنی زانیارییەکانی نەماوە.

## دووەم/ تەلەفزیۆنی بازرگانی یان سەربەخۆ

ئەم شێوازەی بەرێوەبردن یان رێکخستنی تەلەفزیۆنە هەر لەسەرەتاوە لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەری هەلداو پاشان بەریتانیاو ژاپۆن و زۆربەی ولاتەکانی ئەوروپای گرتەوە. لەدوای سالانی 1990 بەم لاوە، بەهۆی هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەلات وپەرەسەندنی ئایدیای دیموکراسی وبەرفراوانی بازاری ئازاد، ژمارەی کەنالە تەلەفزیۆنییە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوو ئەکرێ بلێین ئێستا لەسەر تاپای دونیادا کەنالی بازرگانی زۆرینەی کەنالەکان پێکدەهێنێ( جگە لەکوردستانی خۆمان).

خاوەنداریتی کەنالی تەلەفزیۆنی بازرگانی بەزۆری کۆمپانیا زەبەلاحەکان و کەسانی سەرمایەدارن، بەرنامەی ئەم شێوازەی بەرێوەبردنی تەلەفزیۆن وەك کالا کرین و فرۆشتنی پێدەکرێ. بینەری ئەم جۆرە تەلەفزیۆنە هیچ پارەیەك لەبری تەماشاکردن نادات، چونکە بودجەی تەلەفزیۆنەکە لە رێگەی ئەو ریکلامانەی کەتێیدا بلاودەکەنەوە دابین دەکرێ، هەرچەندە تەلەفزیۆنی بازرگانی زیاتر مەبەستی قازانجی مادییە، بەلام بەهۆی ململانێی کەنالەکانی ترەوە، تارادەیەکی زۆر لەروی تەکنیکی و پەیامەوە لەکەنالی حکومی لەپێشترە. زۆربەی ئەو بەرنامانەی کەلەم کەنالەوە پەخش دەکرێن. بریتین لە:

1-هەوالەکان.

2-سەرگەرمی.

3-روناکبیری.

بەلام لەناو هەریەك لەم بەرنامانەدا ریکلامی بازرگانی هەمە چەشن پەخش دەکرێت. لەبەر ئەوەی لەرووی خاوەنداریتییەوە ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە سەربەخۆن سەربەهیچ دەزگایەکی حیزبی و حکومی نین،

---

[51] -الدكتور مجد هاشم الهاشمي ،الاعلام الكوني وتكنلوجيا المستقبل ل27

بۆیە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری‌دا حزبەکان تەنیا دەتوانن لەڕێگەی پێدانی پارەوە ریکلام بۆخۆیان‌و پاڵێوراوەکان‌و پەیمان‌و ئایدۆلۆژیەکانیان بکەن.

ئەو پارەیەی کە حیزبەکان بۆ ریکلام دەیدەن بەو تەلەفزیۆنانە لەگەڵ قەبارەی کاریگەری ئەو ریکلامە لەسەر رای گشتی‌دا دەگونجێ. لەساڵی 1952دا حیزبە سیاسیەکانی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (6)ملیۆن دۆلاریان بۆ ریکلامکردن لەو تەلەفزیۆنانەدا خەرج کرد. ساڵی 1956 ئەو پارەیە گەیشتە (10) ملیۆن‌و لەساڵی 1960دا هەردوو حیزبی کۆماری‌و دیموکراتی19.900.000 ملیۆن دۆلاریان بۆ ریکلام کردن دا بەتەلەفزیۆنەکان بەڵام لەساڵی 1964 ئەو پارەیبە بوو بە (22)ملیۆن دۆلار.[52]

بە شێوەیەکی گشتی بودجەی بەرنامەکانی‌ئەم تەلەفزیۆنانە بە هۆی ئەو ریکلامانەی کە پەخشی دەکەن دابین دەبێ،بە جۆرێك ئێستا بە پێی دواین ئامار یەك دەقیقە ریکلامی سادە لەم تەلەفزیۆنانەدا بە هەشت بۆ یازدە هەزار دۆلارە و لە هەندێ بەرنامەدا بڕی ئەو پارەیە دەگاتە حەفتا هەزار دۆلار.[53] بەڵام سەرەڕای هەموو کۆسپ‌و خراپیەکانی، تاکو ئێستا ئەم جۆرە کەناڵانە سەرکەوتوترین‌و کاریگەرترین کەناڵی بینراون لەدونیادا.

## تەلەفزیۆنی کابلی

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەم شێوازەی تەلەفزیۆن دەستی پێکرد ئەم شێوازە لەدوو شێوازەکەی پێشتر جیاوازن‌و بینەر لەجیاتی بینینی بەرنامەکانی بڕێك پارە دەدات. هەرچەندە لەسەرەتادا خاوەن کەناڵەکە لەرێگەی کابڵەوە بەرنامەکانی دەنارد بۆ ئەو ماڵانەی کە ئیشتراکیان دەکرد، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنەوە، ئێستا لەڕێگەی "کارت"ێکی تایبەتەوە دەکرێ سەتەلایتی ماڵەکان بەرنامەی ئەو کەناڵانە وەرگرن.تایبەتمەندی ئەم تەلەفزیۆنە لەوەدایە کە ئازادییەکی رەها دەدات بە بینەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو جۆرە بەرنامانەی کە دەیەوێ بەشداری تێدابکات، لەبەر هەمە چەشنی بەرنامەکانی ئەم تەلەفزیۆنانە، فلیم، هەواڵ، بەرنامەی زانستی، بەرنامەی سیاسی یان کلتوری) بەشداریکەر دەتوانێ لەبری بڕێك پارە هەرکاتێك بیەوێ تەماشای ئەو بەرنامانە بکات.ئەو بینەرەی کەحەزی لەبینینی بەرنامەی تەندروستی یان کۆمەڵایەتی یان زانستی دەتوانێ ئیشتراك کردن لەیەکێك لەو کەناڵە تایبەتانە ئارەزووەکەی بهێنێتەدی. گەورەترین تۆڕی هەواڵی کابلی تۆڕی (CNN)ی ئەمریکایە، هەروەها تۆڕی (ESPN) گەورەترین تۆڕی سەرگەرمی‌و وەرزشە لەجیهاندا.

رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەم جۆرە کەناڵەدا ئیشتراك دەکەن زیاتر دەبێت. هەر بۆ نمونە کەناڵی WEATHER کەتایبەتە بەزانینی باری ئاووهەوا بەپێی ئامارێك کەلەساڵی 1988دا بڵاوکراوەتەوە (3) ملیۆن موشتەریکی هەیە. لەژاپۆندا (15)تەلەفزیۆنی کابلی هەیەو چوار ملیۆن موشتەریکی هەیە.[54]

لەبەرئازادبوونی بینەرانی ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە لەهەڵبژاردنی بەرنامەکانیان، بۆیە کارگەرییان بۆ سەر رای گشتی زیاترە، هەروەها زۆربوونی ژمارەی بینەرانیش هۆکارێکی تری ئەو مەسەلەیەیە.

---

52 –رابورتيسكي و ازيوروفسكى ،الصحافة التلفزيونية– ل27

53 –کنترل افكار در مريكا/ www.bashgah.net

54 –د.محمد هاشم ،الاعلام الكوني وتكنلوجيا المستقبل ل87

بەلام سەرەڕای جیاوازی سیستەمی بەڕێوەبردن و جیاوازی چۆنیەتی پەخش کردنیان، بەرنامەکانی تەلەفزیۆن کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەیە کەلە کەناڵە بیستراو نوسراوەکانی جیادەکاتەوە.خودی ئەم تایبەتمەندیەش هێندەی تر ئەرکی کارمەندانی ئەم جۆرە کەناڵەی دژوارتر کردوە.

کاریگەری هەرکەناڵێك لە ژینگەکەیەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێ، تەنانەت لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تریش جیاوازە. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاری و ئازادی رادەربڕین و دیموکراسیەت کاردەکەنە سەر جەماوەری کەناڵەکانی راگەیاندن. تەلەفزیۆن کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کەئاستی رۆشنبیریان نزمە. هەر لەبەر ئەوەشە کاریگەری T.V لەوڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا زیاترە وەك لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەروەها کاریگەری راگەیاندنی نوسراولەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەهۆی بەرزی رێژەی خوێنەوارانیان، زیاترە.

## ئەرکەکانی تەلەفزیۆن

ئەو ئەرکانەی کەتەلەفزیۆن پێی هەڵدەستێ لەهەندێ روەوە تایبەتن و کەناڵەکانی تری راگەیاندن لەتوانایاندا نییە پێی هەستن، چونکە تەلەفزیۆن لەپاڵ پەیامە راگەیاندنەکانیدا جوانی و هونەریش پەخش دەکات. ئەرکەکانی تەلەفزیۆن فرەن،بەلام ئەمانە پوختەی ئەرکە سەرەکیەکانیەتی.

1/ تەلەفزیۆن گرنگترین و کاملترین کەناڵی راگەیاندنە، چونکە رووداو بەهەموو وردەکارییەکانیەوە (بەدەنگ و رەنگ و جوڵە)وە لەرێگەی شاشەکەیەوە دەخاتە بەردەست بینەرو ئەمەش راستگۆیی پێ دەبەخشێ.

2/تەلەفزیۆن کەناڵێکی چالاك و هەمەرەنگە بۆ لێدوان و شیکردنەوە. تەلەفزیۆن لەرێگەی شیکردنەوەو شەرحکردنی گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەو چاودێریکردنی ئەو هێزانەی کەلەپشت ئەو گۆڕانکاریانەوە، دەتوانێ بەزۆربەی بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکاندا شۆڕبێتەوەو قسەی خۆی لەسەر بکات.

3-تەلەفزیۆن هەڵدەستێ بەئەرکی کلتوری و فێرکاری. وەك لەکاتی خستنەڕووی ئەرکەکانی راگەیاندندا باسمان کرد، تەلەفزیۆن باشترین کەناڵە بۆ گەیاندنی زۆرترین زانیاری سەربارەت بەدونیای دەرەوە بۆ ناوماڵی بینەران، ئەو زانیارییانە هەرچیەك بن تەلەفزیۆن رۆژانەو بەبێ پسان دەیدا بەرچاوو گوێی بینەردا.

4-پەرەپێدانی زەوقی هونەری و جوانی لای بینەر: لەبەر ئەوەی تەلەفزیۆن توانیویەتی شانۆو سینەماو مۆسیقا لەخۆیدا کۆبکاتەوە، هەربۆیە بوەتە ویستگەیەك بۆ پەرەپێدانی زەوقی و هونەری و جوانی لای بینەران، ئەمە جگەلەوەی تەلەفزیۆن ئێستا بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی خەڵك لەسەر داهێنان و گونجان لەگەڵ ژیانی نوێ.[55]

---

55– د.ا بوتيسكى، ترجمة د. ادريس حضور الصحافة التلفزيونية ل10

# کاریگەی تەلەفزیۆن
# لە سەر رای گشتی:

مەسـەلەی رۆڵـی تەلـەفزیون لـە سەردروسـتکردنیرای گشـتی،بەلای تیۆریزانـەکانی رۆژئـاواوە زۆر گـەورەترە لـە کاریگـەری کـەناڵێکی راگەیانـدن وبـەس.ئەمرۆ،تەلـەفزیۆن بەشـی هـەرە زۆریکـاتی بێئیشـی گەورەو بچوکی خێزانەکانی پڕکردوەتـەوە.تەماشاکردنی تەلـەفزیۆن چالاکیەکی هـەرزان وکـەم خەرجەولە هەمانکاتـدا کـارێکی ئینفعالیەوبەدرێژاییتەماشـاکردن، بینـەر بەشـێوەیەکی ناهۆشـیارانە کەمەنکێشـی بەرنامـەکانی دەبێـت.کاریگـەری تەلـەفزیۆن لـە سـەر مـرۆڤ هـەر لـە سـەرەتای منداڵیـەوە دەسـت پێـدەکات، بـەگوێرەی هەنـدێ ئامـار منـداڵی ئـەم سـەردەمە تـا دەگاتـە تەمـەنی (18)سـاڵی(25)هـەزار سـەعات تەماشـایتەلەفزیۆن دەکـات0 ئـەم مـاوە دورو درێـژە منـداڵ لـە دایـك وبـاوك زۆر زیـاتر دەخاتـە ژێـر کاریگەرییەوە."جیری ماندر" پسپۆر لە بواری راگەیاندن لەم بارەوە دەڵێ:"هێرشـی تەلـەفزیۆن بۆسـەر مێشـکی مـرۆڤ بوەتـە هـۆی گـۆڕینی رەفتارەکانیـان.مـرۆڤ هـەردەم بـاوڕە بەووێنانـە زیـاتر دەکـات کـە لـەم کەناڵەوە دەستی دەکەوێت,هەر بۆیە تێروانینەکانی خۆی لە سەر واقع لە دەست دەدات ولە بەرهەم هینان دەکەوێت"[56]

نـزیکترین نمونـە لـە سـەر کاریگـەری وێنـەکانی تەلـەفزین لـە سـەر رای گشـتی،ئەو وێنانـە بوکـە تەلـەفزیۆنی( cbs)پیشـانیدا وتیـدا دیلـە عێراقیـەکان لـە لایـەن هەنـدێ لـە سـەربازە ئەمریکیەکانـەوە بـە شێوەیەکی دورلـە رەوشـت سـوکایەتیان پێکرابـو. بلاْوبونـەوەی ئـەو وێنانـە پـێش وروژانـنی رای گشـتی جیهان،رایگشتی ئەمریکیەکانی هەژاند وکارگەیشتە ئەوەی سەرۆکی ئـەمریکا ناچار بو چەندین جار لە سەرشاشەی تەلەفزیۆن داوای لێبوردن بکات.

## ئینتەرنێت

[56] –میشیل بیـ ،غرب،تلف یون،فرهنـ www.loyola.edo.

لە بەر بەربڵاوی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکات, تۆڕی ئینتەرنێت بوەتە دیارترین بەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.دەستەواژەی (ئینتەرنێت)لەم ساڵانەی دوایدا بە شێوەیەکی خێرا لە پاڵ دەستەواژەکانی تری وەك (کولتوری مۆنیتەر),( کولتوری کۆمپیوتەر ),( پۆستی ئەلیکترۆنی), ( رۆژنامەنووسی ئەلیکترۆنی)و(کتێبی ئەلیکترۆنی ) خۆی سەپاند.[57]

پێناسەی ئینتەرنێت : بەشێکە لە شۆڕشی تەکنەلۆژیا و هەندێك بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی ناو دەبات و هەندێکی تر پێیان وایە تۆڕێکی پەیوەندی کردنی زۆر خێرایە ، بەلآم سادەترین و پڕ ماناترین پێناسە بریتی‌یە لەوەی کە" ئینتەرنێت ، تۆڕی تۆڕەکانی " . تۆڕی ئینتەرنێت دوو شێوازی هەیە ، یەکەمیان تۆڕی لۆکاڵیە کە لە سنوورێکی دیاریکراودا بەکار دەهێنرێت . Local Area Networks lann .

دووەم ، کەچەندین تۆڕی لۆکاڵی پێکەوە گرێ دەدات و لە سنوورێکی بەربڵاودا کاری پێ دەکرێت و لەڕێگەی تەلەفۆن و مانگی دەستکرد و میکرۆیفەوە کەڵکی لێ وەردوگیرێت . “ Wide area Neatworks wan "

**سەرەتای سەرهەڵدانی**

لە 2 / 1 / 1969 وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دەستەیەك پسپۆری ڕاسپارد تاکو پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەك بخەنە ڕوو بۆ بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکانی ئەو وەزارەتە پێکەوە . هۆکارێکی سەرەکی ئەو گرنگی پێدانەی حکومەتی ئەمەریکا بەو پرۆژەیە بووونی شەڕی سارد بوو لەنێوان ئەو وولآتەو یەکێتی سۆڤیەت .

ساڵی 1983 ئەو تۆڕە بوو بە دوو بەشەوە ، یەکەمیان بەناوی (ARPANE) کە بۆ کاری ئاشتیخوازانە بەکار دەهات و دووەمیان (MILNET) کە هەمان فەرمانی جێبەجێ دەکرد . ساڵی 1986 توانرا پێنج سەنتەری کۆمپیوتەر پێکەوە گرێ بدات و بوو بە بەردی بناغەی پێشکەوتن و دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە ئەمەریکا و پاشان وولآتانی تری جیهان . هەرچەندە لەسەرەتادا وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا و پاشان (دەزگای نەتەوەیی زانست) ی ئەمەریکا خاوەنی ئەم تۆڕە بوون ، بەلآم بەپێشکەوتنی خاوەندارێتی‌یەکەی لە حکومەتەوە گوازرایەوە بۆ کەرتی تایبەت و چەندین تۆڕی لۆکاڵی بازرگانی دەرکەوتن و لەڕێگەی ئیشتراکەوە کەڵك لە خزمەتگوزاریەکانیان وەرگیرا . ساڵی 1985 تەنیا دوو هەزار کۆمپیوتەر بەتۆڕی ئینتەرنێتەوەبەسترابووەوە ،بەلآم ئەو ژمارەیە لەساڵی1995 گەیشتە پێنج ملیۆن کۆمپیوتەر و لەساڵی1997 ژمارەی کۆمپیوتەرە بەستراوەکان بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە شەش ملیۆن کۆمپیوتەر و ژمارەی تۆڕەکانیش بوون بە(300)تۆڕی فەرعی .

ساڵی 1988 ژمارەی ئەوانەی کە ئینتەرنێتیان بەکار دەهێنا نزیکەی (134) ملیۆن کەس بوون و هەر دەقیقەیەکیش 46 کەسی چۆتەسەر . بەم جۆرە پێدەچێ لەساڵی 2005 دا ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بگاتە (245) ملیۆن کەس.ئەمەریکییەکان کە ژمارەی زۆرترین بەکارهێنەری ئینتەرنێت بەنیازن لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆژەیەکی نوێ بەناوی (ئینتەرنێت 2) بخەنە ڕوو کە خێراییەکەی هەزار جار لەخێرایی ئێستا زیاتربێت .

---

57 –ترجمة والاعداد ناطق خلوصي ،الانترنيت شبكة معلومات العالم , ل6

ئەو پارانۆما خێراییەی مێژووی پەرەسەندنی ئینتەرنێت و ئەو پێشبینیانەی کە بۆ ئایندەی ئەو تەکنەلۆژیایە دەکرێت ، ئەوە دەردەخەن کەکۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا و کاریگەر دەکەونە ژێر کاریگەری ئینتەرنێتەوە .

گرنگی ئینتەرنێت لەوەدایە کە سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتەکان ، بەتایبەت ئەو حکومەتانەی کە سانسۆرێکی زۆریان لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ داناوە تێك دەشکێنێ و هەژموونی جارانیان بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤی وولاتیکانیان ناهێڵێ .لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئینتەرنێت ئەوەیە کە کۆنترۆڵی زانیارییەکانی ناو سایتەکانی ناکرێ و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان و گەیاندنی خواستەکانیان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بەکاری بهێنن .

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم شێوازەی ڕاگەیاندن بەپێویستی دەزانم گرنگترین خەسڵەتەکانی لە چوار خاڵدا دەستنیشان بکەم :

1–سانا کردنی وەرگرتن و ناردنی زانیاری و هەواڵ لەماوەیەکی زۆر کورتدا .

2– نەهێشتنی کاریگەری دەزگا ئاراستەکەرەکان و ئامادەکردنی زانیاری ڕاست و دروست بۆ زۆرترین خەڵك .

3– هەرزانی نرخی پەیوەندی کردن و زۆر بوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی .

4–بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەتوانێت بەئارەزووی‌خۆی پەیامەکەی ڕەوانە بکات ووەرگرێ ،ئەمەش گۆڕانێکی‌بەرچاوە لەچاوجاراندا. (58)

ئینتەرنێت کە داهێنانێکی نوێی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردنە ، ئێستا بۆتە پانتاییەك بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەموو کونج و کەلەبەرێکی گەردوون بەیەکەوە و بەجیهانی بوون بە باشترین سمبولی ئەو داهێنانە دێتە ژماردن ، چونکە ئەم تۆڕە هەموو زانایان پێکەوە دەبەستێتەوە و کاریگەری بۆ هەموو کۆمەڵگایەك هەیە .

ئێستا گەردوون لەڕێگەی ئەم خەسڵەتە سەرەکییانەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەیەکەوە گرێ دراوە :

1–گشتگیری : واتە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە ، لایەنی مەعریفی و کۆمەڵایەتی ، ئابووری و پزیشکی وهونەری.....هتد

2–خێرایی : ئەم خێراییەی کەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردن بەخۆیەوە دەبینێ ، تایبەتمەندی خۆی هەیە و زۆر جیایە لەو پێشکەوتنە تەکنیکیانەی کە بە درێژایی مێژوو ڕوویانداوە .

3–گەردوونی : سەرەڕای جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی کە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا هەیەتی لەچاو دواکەوتوویی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتی‌یەکان ، کەچی لە ڕووی بەکارهێنانەوە وەك و یەك وان و هیچ بەرەبەستێك نی‌یە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت . (59)

مرۆڤی سەردەمی ئینتەرنێت ئازادترین مرۆڤی مێژووە و هیچ کۆت و بەندێکی فکری و هەڵسوکەوت و بڕیاردانی بەسەرەوە نی‌یە ، ئەم تەکنەلۆژیایە مرۆڤی لەبازنەیەکی تەسکی لۆکاڵی ڕزگار کردووە و بەبێ هیچ سانسۆر و کۆنترۆڵێکی دەرەکی دەتوانێن بەگەردووندا گەشت بکات . زانیاری پیشەیی و تەکنیکی ئالوگۆڕ بکات . هەروەها بۆ یەکەم جار لەمێژوودا کار ئاسانی کردووە تاکو فێرخوازان لە ڕێگە

58 –محمد المختار ،الاعلام والسياسة فى عصر الانترنيت ل 15

59 –د.مجد هاشم الهاشمي ،الاعلام الكونى وتكنلوجيا المستقبل ل 257

دوورەکانەوە فێری زانیاری بن . لەناو تۆڕی ئینتەرنێت دا ئێستا دەیان کتێبخانەی ئەلکترۆنی هەیە و بەدەیان پێگەش هەیە بۆ وەلآمدانەوەی پرسیار وەرگرتنی لێکۆڵینەوەی ئامادەکراو و بیلۆگرافیاو دەیان ڕاپۆرتی جۆراوجۆر . بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین تۆڕی ئینتەرنێت بریتییە لە " کتێبخانەیەکی گشتی مەزن کەهیچ دیوارێکی نییە و هەموو زانیاریەکی تێدایە "[60]،بەلآم پێویستە ئەو ڕاستیە بخەینە پێش چاو کە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە پێویستی بەبەکارهێنەرێك هەیە کەوا بەرچاوی ڕوون بێت و هەڵگری ئایندەیەکی پێشکەوتووخوازی مرۆڤ پەروەرانە بێت و ئەم شۆڕشەی بواری ڕاگەیاندن بە بکاتە دەسکەلایەك بۆ گۆڕان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .وەك لەپێشدا باسمان کرد ، ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندان و ئەو زیاد بوونەش یەك قات و دووقات نییە ، بەڵکو ڕۆژانە دەیان قات زیاد دەکات .

هەروەها ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە هەلی بۆ زوربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان ڕەخساندووە تاکو جگە لە کەناڵەکانی خۆیان ، لەم کەناڵە بەربلآوەشەوە پەیامەکانیان بگەیەنن بە پەیام وەرگرەکانیان – هەروەها ئینتەرنێت بوار بۆ پەیام وەرگرەکان دەڕەخسێنێت تاکو بەوجۆرەی کە دەیانەوێت پەیوەندی بکەن بەو کەنالآنەوە .

* * *

# ئینتەرنێت و
# رای گشتی

---

[60] هەمان سەرچاوە ل258

ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی زۆرترین زانیاری لەخێراترین کاتدا دەدات بە بەربلاوترین پەیام وەرگر و بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەتوانێت لەیەك دانیشتندا هەزاران سەرچاوە لەسەرتاپای دونیاوە ببینیّ و بەبیّ ئەوەی خەرجی‌یەکی زۆری تێبچێت.ئەم کارە پێش داهێنانی ئینتەرنێت کارێکی خەیاڵی و مەحاڵ بوو .

جگە لەوە لە کەناڵە تەقلیدیەکاندا پەیام وەرگر ئازادی هەڵبژاردن و وەرگرتنی نەبووە ، بەڵکو خۆشی بێت و ترشی بێت ، هەر دەبوایە گویّی لەو پەیامە بگرتبایە کە کەناڵە تەقلیدیەکان (ڕادیۆ – تەلەفزیۆن – ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ) بۆیان ئاراستە دەکرد ، بەلاّم ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ئەو ئازادییەی بۆ دەستەبەر دەکات تاکو بەئارەزووی خۆی ئەو بابەتە وەرگریّ کە خۆی ئارەزووی لێیەتی . ئەوە جگە لەوەی کە ڕەگەزی (شوێن ) هیچ ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بەسەر پەیام وەرگرەکانەوە نەماوە .

هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەیە ، دەتوانین بڵێین کاریگەرترین کەناڵ بۆ دروستکردنی ڕای گستی (بەهەموو جۆرەکانیەوە) کەناڵی ئەلکترۆنی یان باشتر بڵێین تۆڕی ئینتەرنێتە .

تۆڕی ئینتەرنێت ئاسانترین و خێراترین کەناڵە بۆ ئەو حکومەت و ڕێکخراو و سەندیکا و تەنانەت حزب و کەسایەتیانەی کە دەیانەویّ ڕایەکی گشتی سەبارەت بەکێشە یان ڕووداوێکی دیاریکراو دروست بکەن . ئێستا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو لایەنەی کە بەنیازی دروستکردنی ڕایەکی گشتی‌یە دەتوانێت بانگەوازەکەی بنێرێت بۆ دەیان هەزار پۆستی ئەلکترۆنی یان لە سایتێکی دیاریکراودا پەخشی بکاتەوە ، واتە چیتر پێویستی بەوە نی‌یە پارەیەکی زۆر بدات بە کەناڵە تەقلیدیەکان تاکو ئاگاداریەکەی بۆ بلاّوبکەنەوە یان بە بڵندگۆ لە کوچەو کۆلاّنەکاندا بانگەشە بۆ داخوازی‌یەکەی بکات .هەروەها دەکرێت بەهۆی ئەم کەناڵەوە ڕێگەو شوێنی کاتی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان دیاری بکرێت . دیارترین نمونەش ئەو ڕێپێوانە گەورانە بوو کە لەماوەی شەڕی ڕزگارکردنی عیراقدا لەلایەن ڕێکخراوە جیاجیاکانەوە ساز دەکرا . لە ڕاستیدا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ کاتێك ڕێپێوانی وا گەورە و بەردەوام نەکراوە و هۆکاری سەرەکی بەشداری زۆری خەڵکەکە و بەردەوامیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ملیۆنەها پەیامەی کەڕۆژانە لەڕێگەی پۆستی ئەلکترۆنی‌یەوە دەگەیشتە خەڵك و هانی دەدان لەبەرامبەر شەڕەکەدا هەڵوێست وەرگرن ، ئەو ڕای گشتی‌یەی کە لەو ماوەیەدا بەرامبەر شەڕەکە دروست بوو دەکرێت ناوی بنێین ڕای ئەلکترۆنی .

لەبەرامبەر هەڵوێستی دژ بەشەڕ ، لایەنگرانی شەڕیش توانیان لەڕێگەی کردنەوەی چەندین ویب سایتی تایبەتەوە تاوان و پێشێلکاریەکانی ڕژێمی سەدام حسێن دژ بەمافی مرۆۋ بخەنە بەردەستی میوانەکانی خۆیانەوە . هەروەها هەندیّ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عیراقی لە ڕێگەی ویپ سایتەکانیانەوە دەیان بەڵگەنامەو فلیم و وێنەیان لەسەر تاوانەکانی ئەو ڕژێمە دڕندەیە بلاّودەکردەوە . ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەموو ویب سایتەکاندا زمانی جیاجیا بەکار دەهات ، بەمانایەکی تر ئەوکەسانەی کە لەپشت ویب سایتەکانەوە بوون دەیانوویست ڕایەکی گشتی جیهانی دروست بکەن نەك لوکاڵی .

یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی دروستکردنی ڕای گشتی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەوەیە (بەتایبەت لە ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا) ئەو کەس یان ڕێکخراوەی کە لە پشتی هەوڵی دروستکردنی ڕای گشتی‌یەکەوەن ، بەئاسانی دەستنیشان ناکرێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی کاردانەوەی حکومەتەکان . هەروەها بوونی پۆستی ئەلکترۆنی هەلی ئەوە بۆ بەکارهێنەرەکانی دەڕەخسێنێت تاکو ناڕەزای‌یەتی یان تووڕەیی

خۆیـان بەنامـە ئاراسـتەی لایەنـە بەرپرسـەکان بکـەن و پێویسـت بـەوە نـەکات ڕاسـتەوخۆ بەشـداری لـە خۆپیشاندانەکاندا بکەن و تووشی کێشەی گرتن وڕاوەدوونان ببن .

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەکرێ بڵێین ، ئینتـەرنێت هـەموو ماناکانی دیموکراسیەت و کۆمـەڵی مـەدەنی بـۆ مرۆڤ دابین کردووە تاکو بەئازادی ڕای خۆی دەربڕێت و بەئازادی هەڵوێست وەربگرێت

# دەرئە نجام

هەرچەندە تاکو ئێستا ڕێکەوتنێکی کۆنکریتی نییە بۆ پێناسەکردنیچەمکی "ڕای گشتی "و"ڕاگەیانن" وزۆر له لایەنەکانیان بە تەموومژاووی ماوەتەوە، بەڵام لە ماوەی دوو سەدەی ڕابوردودا چەمکەکانی "ڕای گشتی" و" ڕاگەیاندن " بە شێوەیەکی بەربڵاو قسەیان لـە سـەر کراوە وبەکارهاتون.ئەمەش بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ڕای گشتی وراگەیاندن بونەتە بەشێك لە پێکهاتەی ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی.

ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەدا وەدەست هاتون بریتین لە:

1. ڕای گشـتی کـە بریتیـە لـە کـۆی ڕای تاکـەکانی کۆمەڵـە کەسـێك بەرامبـەر بابـەتێکی دیـاری کراوراگەیاننەکان دەتوانن لەئاراستە کردن وهۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن ودەرکەوتنی هەرکەناڵێك لە هەر سەردەمێکدا نەیتوانیوە ڕۆڵی کەناڵەکەی تر بسرێتەوە .
2. بـە هـۆی پێشـکەوتنی کۆمەڵایـەتی وگەشـە سـەندنی دیموکراسـییەوە، ڕای گشـتی وکەناڵەکانیڕاگەیاندن کاریگەریەکی زۆریان لە سەر ژیانی سیاسی وبڕیارو یاساکان هەیە.
3. ڕای گشتی دینامیکیەتی تێدایە و بە بەردەوامی ولە ژێر کاریگەری کۆمەڵە هۆکارێکدا دەگۆڕێت بـە هەمانشـێوە ڕاگەیاندنـەکان بـە پێشـکەوتنە تەکنـەلۆژی ولایـەنی کۆمەڵایـەتی وئابورییەکانـەوە گرێدراوە.
4. تا کۆمەڵگا بەرەو مۆدیرنە هەنگاو هەڵنێت ،ڕای گشتی زیاتر قورسایی خۆیی دەردەخات وڕۆڵی ڕاگەیاندنیش لە دروستکردنیدا زیاتر دەبێت.
5. لە بەرپەرەسەندنی ئازادییەکان وبەرتەسك بونەوەی دیکتاتۆریەت ،چاوەڕێ دەکرێت لە ئایندەدا ڕای گشتیو ڕاگەیاندن ڕۆڵی زیاتریان هەبێت.

* * *

## سەرچاوەکان


- د. عاطف عدلي العبد عبيد , الرأي العام وطرق قياسية.
- د. مهدي حسن روبلق و د. احمد الطامين , العلاقات العامة ، الن رية والاساليب الرأي
- د. هاني الرضا. الراى العام والاعلام والدعاية /1998

- د.محمد عبد القادرحاتم ,ديموقراطية الاعلام و الاتصال / 1996
- گۆڤاری رایەن ژمارە (1) کانوونی دووەمی /2001
- محمد رزائە یەزدی , تیۆری ناسینەوەی رای گشتی ,
- عبدالمتعم سامي . الرأي العام والاشاعة
- وفاق حاف الدوري .طبيعة الصحافة الحزبية وتطورها
- هة الَ ئەبو بة ر , راطةياندن وراطةياندنى وردى,2002/
- الصحافة المختصصة في العالم وأهميتها — سايتي الاستراتيجية .
- سامي هيد موس .الاعلام الم توب .. رسالة و دور متعدد الوجوه
- د. سيد أحمد خانون آبادي .راديو وارتباط توسعه / مجلة راديو ذمارة12
- عبدالعزيز الناصري .الاعلام وتفعيل وعي الامة
- د. محمد هاشم الهاشمي . الاعلام الـ وني وت نلوجيا المستقبل /2001
- سامان فوزي عمر ,مسـ لية الصحفى المدنية عن اخطائه المهنية/ 2003
- فاروق عبدالرحمن عمر .التلفزيون في جمهورية العربية المتحدة والعالم
- رابور تيسيـ ي ، إ . يورفسـ ي . لصحافة التلفزيونية
- محمد بن المختار . الاعلام والسياسة في عصر الانترنيت
- غوستاف ليو بون . سايـ ولوجيا الجماهير /1997
- د . حميد سميسم . نـ رية الرأي العام (مدخل)
- د. ناهد رمزي , الرأي العام وسايـ ولوجيا السياسية./1991
- ترجمة والاعداد ناطق خلوصي ,الانترنيت شبـ ة معلومات العالم /1999
- دیڤید ماکداول , و . ئەبوبەکر خۆشناو, مێژووی هاوچەرخی کورد
- www.t1t.net
- www.e-resanaha com
- www.bashgah.net
- www.usinfo.state.gov
- www.7 sang.com
- www.loyola.edo
- د.عبدالله الطويرقي .صحافة المجتمع الجماهيري /1997